ئاسایشی کەرکووک: هێزە عێراقییەکان توانای پاراستنی پێکهاتەکانی ئەو شارەیان نییە

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک رایدەگەیەنێت، شارەکە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر دایە و هێزە عێراقییەکانیش توانای پاراستنی شارەکە و دانیشتووانەکەیان بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە نییە. ڕووداوەکانی قەزای داقووقیش یەکێکە لەو بەڵگانە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەڵوێستی توندیان هەبێت، چونکە ئەمەیش بەشێکە لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و ناو شاری کەرکووک. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5815) سێ شەممە 27ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بەمزووانە شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات

سەردانی لیژنەکانی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوامن و، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، بەمزووانە شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**





لەیلا زانا هیوای سەرکەوتن بۆ سەرۆکی حکوومەتی کوردستان دەخوازێت

لەیلا زانا، سیاسەتڤانی ناسراوی کورد و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لە پەیامێکدا بۆ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت "ئومێدەوارم ئێوە بە هەموو توانا و هێزی خۆتان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بدەن". **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەدار زوبێر بارزانی: دوو لە کۆی سێ لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە هەڵنەدراونەتەوە و پێشبینی دەکەین لەو سێ گۆڕەدا، ڕووفاتی 500 قوربانی بدۆزرێتەوە

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەدار زوبێر بارزانی ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان 80 هەزار شەهیدی هەیە و ژمارەی شەهیدەکانی عێراق، چوار بەقەد ئەو ژمارەیەی هەرێم دەبێت، دەشڵێت کە پێشنیازیان کردووە وەزارەتێک بۆ شەهیدانی عێراق دابمەزرێت، ئاماژە بەوەیش دەدات کە دوو لە کۆی سێ لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە هەڵنەدراونەتەوە. هەدار زوبێر بارزانی لە هەفتەیەکی ئەمڕۆدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو باس لە ژمارەیەک پرسی تایبەت بەشەهیدان و ئەنفالکراوان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە باشووری عێراق دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ «خەبات»:

کەرکووک لە دۆخێکی نائاسایی دایە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ئەوان پێیانوایە ئێستا کەرکووک لە دۆخێکی نائاسایدایە، بۆیە بەشداری لەو شاندەی پەرلەمان ناکەن کە بڕیارە بچێتە شارەکە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئیدارەیەکی نوێ بۆ شنگال دروست دەکرێت

ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئێزدییان ڕایگەیاند، حکوومەت لە کارنامەی نوێیدا پڕۆژەی بۆ تەواوی ناوچە کوردستانییەکان پێیە و شنگالیش لە نێو پڕۆژەکەدایە و دەبێتە بەشێک لە دانوستانەکانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئاوارە گەڕاوەکانی مووسڵ جارێکی دیکە ئاوارەی کوردستان دەبنەوە



ئاوارە گەڕاوەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا، جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، دەبنەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن و 600 هەزار عێراقی، کە نزیکەی 300 هەزار کەسیان خەڵکی مووسڵن، لە ئاوارەیی لە هەرێمی کوردستان و چەند ناوچەیەکی عێراق، دەژین.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



ئاکرێ.. بەکارهێنانی گوێدرێژ بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک

لە قەزای ئاکرێ زیاتر لە سێ هەزار خێزان بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و خۆراک و کاروباری دیکەی ڕۆژانەیان لەبری ئۆتۆمبێل پشت بە گوێدرێژ دەبەستن، شارەوانی شارەکەش بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی سێ گەڕەک، چوار گوێدرێژی تەرخانکردووە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



تەرەمپ لە بارەی ئێران:

ئێران ئەو ئێرانەی پێش دوو ساڵ و نیو نییە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ ڕایگەیاند کە تاوتوێی ناردنی هیچ پەیامێکی لەبارەی ئێران بە ناوی وڵاتانی G7 نەکردووە، بەڵام ناتوانێ ڕێگری لەو گفتوگۆیانە بکات کە وڵاتان لە نێو خۆیاندا دەیکەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا داعشی لە ناوچەی قەراج کردە ئامانج

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت هێزەکانی عێراق سنووری ناحیەی "قەراج"ی قەزای مەخموریان جێ هێشتووە و ئەمەریکاش بە تۆپ حەشارگەی داعشی لە ناوچەکەی کردووەتەوە ئامانج. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

حەشدی شەعبی ئیسرائیل بە بۆردومانکردنی چەکدارەکانی تۆمەتبار دەکات

حەشدی شەعبی، ئیسرائیلی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشەوەیە کە ڕۆژی یەکشەمە بە دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کرایە سەر لیوایەکی سەربە حەشدی شەعبی لە ڕۆژئاوای عێراق نزیک سنووری سووریا. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



ئەمەریکا پشتگیری ئیسرائیل دەکات بۆ لێدانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە سووریا

ئیدارەی ئەمەریکا پشتگیری لە لێدانی ئامانجەکانی فەیلەقی قودسی سەربە سوپای پاسدارانی ئێران لە سووریا دەکات لە لایەن ئیسرائیلەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە هەریەک لە وەزیری دەرەوە، مایک پۆمپیۆ و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامداوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

وەزیری پێشمەرگە سوپاسنامەیەک ئاراستەی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەت دەکات

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

برای بەڕێز و گەورەمان کاک (مەسعود بارزانی) بە سوپاسەوە بروسکەی ماتەمینی بەرێزتان، بۆ کۆچی دوایی (حاجی عائیشە)ی دایکم، پێگەیشت ، و ئەرکتان کێشا و پەرۆشی و خەمخۆر لە رادەبەدەرتان سەبوری پێ بەخشیوین، چاکە و دڵسۆزیتان بەرز دەنرخێنین، داواکارین لە خودای مەزن هەمیشە دوورین لە ناخۆشی.

براتان/ شۆڕش ئیسماعیل

***

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بۆ برای بەڕێزم جەنابی کاک (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەناوی خۆمان و بنەماڵەکەمانەوە سوپاسی پەیامی ماتەمینی و پەیوەندییە تەلفونییەکەی بەرێزتان دەکەین، بۆ کۆچی دوایی (حاجی عائیشە)ی دایکم، قەدرگرانیتان و پەیوەندییەکەتان، لە خەمەکانمانی کەمکردەوە ،پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ دڵدانەوەو پەرۆشیتان بۆ کۆچی دوایی دایکی کۆچ کردومان.

براتان/ شۆڕش ئیسماعیل

***

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ برای بەڕێزم جەنابی کاک (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی خۆم و بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەرێزتان دەکەین بۆ خەمخۆری و دڵسۆزیتان، کە بە پەیوەندی تەلەفونی و پەیام و بروسکە بەشداریتان کرد لە پرسەی دایکی کۆچکردووم ، (حاجی عائیشە)، دووبارە سوپاس بۆ دڵسۆزیتان و لوتفی زۆرتان نیشاندا و لە خەمی گەورەی ئێمەتان کەمکردەوە، جارێکی تر سوپاس بۆ پەرۆشیتان.

براتان/ شۆڕش ئیسماعیل

لەیلا زانا هیوای سەرکەوتن بۆ سەرۆکی حکوومەت دەخوازێت



لەیلا زانا ، سیاسەتڤانی ناسراوی کورد و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لە پەیامێکدا بۆ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت "ئومێدەوارم ئێوە بە هەموو توانا و هێزی خۆتان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بدەن".

سیاسەتڤانی ناسراوی کورد و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لەیلا زانا ، لە پەیامێکدا کە ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە. وێڕای خۆشحاڵی نیشاندان بەرامبەر دەستبەکاربوونی کابینەی نوێەمی حکوومەت. هیوادارىشە مەسرور بارزانی لە ئەرکی نوێیدا سەرکەوتنی مەزن بە دەستبێنێ لە پێناو خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان. لەیلا زانا لە پەیامەکەیدا دەڵێ: من لە کاتێکدا بە هەستێکی گەرم پیرۆزبایی لە بەرێزتان و جێگری سەرۆک وەزیران و کابینەی نوێی حکوومەت دەکەم. ئومێدەوارم ئێوە بە هەموو توانا و هێزی خۆتان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بدەن".

بەم زووانە شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات

سەردانی لیژنەکانی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوامن و، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، بەم زووانە شاندی هەرێم سەردانی بەغدا دەکات. پەیوەست بە کێشە و دانوستانەکانی نێوان هەرێم و عێراق، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جووتیار عادل، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پەیوەندی و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوامن و، بەم زووانەش شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات". جێی باسە پێشتر سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ڤیان سەبری، رایگەیاندبوو کە شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و گفتوگۆ لەبارەی سێ دۆسیەوە دەکەن، ئەوانیش بودجە و نەوت و ماددەی 140ن.





وەزیری ناوخۆ لەگەڵ بەرپرسی هێزی تایبەتییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا کۆبوونەوە

دوێنێ دووشەممە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە جەنەرێل هێل بەرپرسی هێزی تایبەتییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا و شاندێکی یاوەری کرد. سەرەتای دانیشتنەکە، ڕەوشی ئەمنی و سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی تاوتوێ کرا و، پەرەسەندن و دواپێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچەکە و هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان گفتوگۆیان لەسەر کرا.

بەرپرسی هێزی تایبەتییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا هەماهەنگی و هاوکارییە بەردەوامەکانی نێوان هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە ماوەی ڕابردوودا لەسەرجەم ئۆپەڕاسیۆنەکانی دژ بە تیرۆریستان بەرز نرخاند و هیواشی خواست هەماهەنگیی سەربازی لەنێوان هاوپەیمانان و سوپای عێراق و پێشمەرگە بەردەوام بێت و زیاتریش کارا بکرێ بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و لەناوبردنی یەکجارەکی هەڕەشەکانی تیرۆریستان و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەیان.

دواتر وەزیری ناوخۆ سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد بۆ ئەو هاوکاری و پشتیوانییەی لە ماوەی ڕابردوودا پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەیان کردووە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش بە مەشق و ڕاهێنان و پێدانی چەک و پێداویستی جەنگ، هیواشی خواست ئەم هەماهەنگی و هاوکارییانە بەردەوامبن و زیاتریش پەرەیان پێ بدرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە کونسوڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان کرد

لەدیداری نێوان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و کونسوڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کورستان و ئیتاڵیا کرایەوە. دوێنێ دووشەممە 26ی ئابی 2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە سێرینا مۆرۆنی کونسوڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەدیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی بارودۆحی سیاسیی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگییەکانی نێوان پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەرووی زەمینەسازیی یاسایی بۆ بەخشینی چوارچێوەیەکی یاسایی بە کارنامەی حکوومەت و بوونی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و هەروەها باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد بۆ ئاگاداربوون لەو یاسایانەی کەپەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەخەڵکی کوردستانەوە هەیە.

هەر لەدیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان باسی لە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و زیادبوونی جموجۆڵەکانی داعش لەو ناوچانە کردو ڕایگەیاند: لەئێستادا داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە لەماوەی ڕابردوودا چەندین هێرشیان ئەنجامداوەو پێویستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان بەهاوبەشی لەگەڵ هێزە فەرمییەکانی عێراق تا ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش و مەترسییەکانی بگرێت و پاڕێزگاری لە خەڵکی ناوچەکە بکات بەهەموو پێکهاتەکانییەوە.

لای خۆیەوە سێرینا مۆرۆنی کونسوڵی ئیتاڵیا لەهەرێمی کوردستان خۆشحاڵیی خۆی بەهەنگاوەکانی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی و باسی لە سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: سیاسیەتی ئیتاڵیا لە هەمبەر هەرێمی کوردستان ئاشکرایەو بەردەوامیش دەبین لەهاوکاری و هەماهەنگییەکان و پتەوترکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ «خەبات»:

کەرکووک لە دۆخێکی نائاسایی دایە

ئەو دۆخەی بەسەر کەرکووکدا هاتووە زۆر لە ئیرادەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان گەورەترە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ئەوان پێیانوایە ئێستا کەرکووک لە دۆخێکی نائاسایدایە، بۆیە بەشداری لەو شاندەی پەرلەمان ناکەن کە بڕیارە بچێتە شارەکە. لەمبارەیەوە ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: دەستپێشخەرییەک کراوە تا سەردانی کەرکووک بکرێت، بەڵام ئەم سەردانە بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک نییە و بە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش دۆخەکە ئاسایی نابێتەوە.



ڕوونیشیکردەوە کە لە ئاستی بااڵدا لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدای فیدراڵ، گفتوگۆ بە مەبەستی دروستکردنی لێژنەیەکی هاوبەش بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هەیە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ڕەتیکردەوە کە فراکسیۆنەکەی بەشداری لە سەردانەکەدا بکات. گوتیشی: «بەدڵنیاییەوە لەو سەردانەدا بەشدار نابین، چونکە فراکسیۆنی پارتی پێیوایە ئێستا کەرکووک لە دۆخێکی نا ئاسایی دایە» . خۆشناو ئەوەشی نەشارەدەوە کە چوونی شاندێک بەم شێوەیە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، داننانە بەو واقیعەی بەسەر کەرکووکدا سەپێنداوە، لە کاتێکدا «لای ئێمە ئەو واقیعە ڕەت دەکرێتەوە» .

ئومێد خۆشناو دووپاتیشی کردەوە کە ئەو هەوڵەی پەرلەمان بە سەرکەوتوو نابین، چونکە «ئەو دۆخەی بەسەر کەرکووکدا هاتووە، زۆر لە ئیرادەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان گەورەترە، بە سەردانێکی چەند سەعاتیی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ئاسایی نابێتەوە» .

شێخ شامۆ: ئیدارەیەکی نوێ بۆ شنگال دروست دەکرێت



ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئێزدییان ڕایگەیاند، حکوومەت لە کارنامەی نوێیدا پرۆژەی بۆ تەواوی ناوچە کوردستانییەکان پێیە و شنگالیش لە نێو پرۆژەکەدایە و دەبێتە بەشێک لە دانوستانەکانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق.

شێخ شامۆ شێخۆ، بە هەیە بۆ دروستکردنی ئیدارەیەکی نوێ بۆ شنگال، کە قایمقامی شنگال دەگۆڕدرێت و هەوڵی گەڕانەوەی ئیدارەی شەرعیی شنگال دەدرێت، چونکە ئیدارەی شەرعیی شنگال، ئیدارەیەکی هەڵبژێردراوی خەڵکە، بۆیەش دەبێت ڕێز لەو هەڵبژاردنەی خەڵک بگیرێت، بەڵام بەداخەوە هەندێک گرووپ ئەوها مامەڵە لەگەڵ شنگال دەکەن و وا هەست دەکەن شنگال چۆڵەوانییە، بەڵام نازانن قەزایەکی گرێدراوە بە ماددەی 140ەوە. شامۆ دەشڵێ: جێگای داخە ئێستا شنگال لە خراپترین ڕەوش دایە ، هەست دەکەین ئەو شارە لە نەخشەی عێراقدا بووەتە شوێنی موخابەراتی ئیقلیمی لە دەست هێزە نایاساییەکاندا.

هەدار زوبێر بارزانی: پێشنیازمان کردووە وەزارەتی شەهیدانی عێراق دابمەزرێت

هەرێمی کوردستان 80 هەزار شەهیدی هەیە و ژمارەی شەهیدەکانی عێراقیش چوار بەقەد ئەو ژمارەیەی هەرێم دەبێت

دوو لە کۆی سێ لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە هەڵنەدراونەتەوە و پێشبینی دەکەین لەو سێ گۆڕەدا، ڕووفاتی 500 قوربانی بدۆزرێتەوە



ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەدار زوبێر بارزانی رایگەیاند کە هەرێمی کوردستان 80 هەزار شەهیدی هەیە و ژمارەی شەهیدەکانی عێراق، چوار بەقەد ئەو ژمارەیەی هەرێم دەبێت، دەشڵێت کە پێشنیازیان کردووە وەزارەتێک بۆ شەهیدانی عێراق دابمەزرێت، ئاماژە بەوەیش دەدات کە دوو لە کۆی سێ لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە هەڵنەدراونەتەوە.

هەدار زوبێر بارزانی لە هەفپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو باس لە ژمارەیەک پرسی تایبەت بەشەهیدان و ئەنفالکراوان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە باشووری عێراق دەکات.

پرۆژەی هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان

ئەندام لە لێژنەی شەهیدان و قوربانیان و زیندانە سیاسییەکان سەربە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەدار زوبێر بارزانی سەبارەت بەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن ئەگەری هەیە وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەمێنێت لە دوای دامەزراندنی وەزارەتی شەهیدانی عێراق کە پێشنیازکراوە گوتی: نەخێر شتی وا نییە کە وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان نەمێنێت، بەڵکو لە پرۆژەی هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان لە حکوومەتی فیدراڵی هەیە، بەهەماهەنگی لە نێوان هەردوو حکوومەت کە ڕێککەوتن لێژنەیەکی بۆ دروست بکرێت و ئەوە بوو لێژنەکە لە ساڵی 2018 دروستکرا و چەند کۆبوونەوەیەکیشی ئەنجامدا و لە یەکەم کۆبوونەوەیدا، چوار ڕاسپاردەی دەرخست کە چوار پەرلەمانتار لە چوار لێژنە ئیزافەی سەر لێژنەکە کرا و بەندە وەکو کوردێک لە لێژنەکە بووم و پاشان لێژنەکە نۆ ڕاسپاردەی کۆتایی دەرخست و کۆتایی بەکارەکانی هات و لە یەکێک لە ڕاسپاردەکانی ئەوەبوو وەزارەتێک بۆ شەهیدان لە حکوومەتی فیدراڵ دروست بکرێت.

دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ شەهیدان لە حکوومەتی عێراق

هەدار زوبێر بارزانی هەروەها گوتیشی: بەڵام ئەو پێشنیازە و ئەوە ناگەیەنێت کە بەدامەزراندنی وەزارەتی شەهیدان لە حکوومەتی عێراق، وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان نەمێنێت، چونکە چەندین وەزارەت لە حکوومەتی فیدراڵی هەیە و لە هەرێمیش هەیە وەکو وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بەرگریی لە حکوومەتی فیدراڵی کە لە هەرێم وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، هەروەها چەندین وەزارەتی دیکەش، بۆیە ئێمە نزیکەی 90 واژوومان کۆکردووەتەوە لەسەر ڕاسپاردەکانی ئەو لێژنەیە بەتایبەت ڕاسپاردەی دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ شەهیدان لە حکوومەتی عێراق، بێگومان پێکهێنانی وەزارەتیش پێویستی بە یاسایە، دوای کۆتاییهاتنی پشووی وەرزی یاسادانان کار لەسەر ئەوە دەکەین پرۆژە یاسایەک بۆ ئەو وەزارەتە دابڕێژین، هەرچەندە بەشێکیشی ئامادەکراوە، دەمانەوێت بیبەینە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت کە وەزارەتێکی شەهیدان بۆ هەموو عێراق هەبێت، هەرێمی کوردستانیش لاری نەبوونی خۆی بۆ ئەو مەبەستە دەربڕیوە، بەڵام پێویستی بەهەماهەنگی زیاتریشە لە نێوان هەردوو حکوومەتی ناوەندی و هەرێم و هەردوو پەرلەمانی کوردستان و عێراق.

هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 80 هەزار شەهید و 22 هەزار و 316 زیندانی سیاسییە

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەدار زوبێر بارزانی سەبارەت بە ژمارەی شەهیدانیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بەپێی ئەو لێژنەیەی کار لەسەر هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان دەکات، حکوومەتی عێراق داوای ناوی شەهیدان و زیندانی سیاسی و ئەنفالکراوان و جینۆسایدی لە هەرێمی کوردستان کردووە و هەرێمیش ناوەکانی ڕادەستکردووە و ئێستا وێنەیەکی لە لای لێژنەکە و وێنەیەکی لە لای حکوومەتی عێراقە، بەپێی ئەو زانیارییانە هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 80 هەزار شەهید و 22 هەزار و 316 زیندانی سیاسییە، ئەوە بوو ئێمە داوامانکرد هەموو شەهیدان یەک بێت کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان جیاکراوەتەوە، شەهیدانی هاوواڵتی و شەهیدانی جینۆسایدیش، بەڵام لە حکوومەتی عێراق شەهیدان جیانەکراونەتەوە و لە حکوومەتی عێراق زیاتر لە 60 هەزار شەهید تۆمارکراوە کە ئەو ژمارەیە بەتەنها ئەوانەی شەهیدانی شەڕەکانی ڕژێمی پێشووی عێراقن، بەڵام بەگشتی ژمارەی شەهیدەکانیان چوار بەقەد ژمارەی شەهیدانی هەرێمی کوردستانن.

ئامادەبوونی نوێنەرانی باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکان و حکوومەتی عێراق لە هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان

هەدار زوبێر بارزانی لەمەڕ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە باشووری عێراق کە مانگی ڕابردوو هەڵدرایەوە و چەندین ڕووفاتی ئەنفالکراوەکانی تیادا دۆزرانەوە، زانیاری پتر دەخاتە ڕوو و ئاشکرای دەکات "سەماوە و بەتایبەت ئەو ناوچەیەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەم دواییەی تێدا دۆزرایەوە زۆرترین ناوچەیە کە گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە، دواین گۆڕ کە هەڵدرایەوە ئەوەبوو کە سێ گۆڕ بوون و لە تەنیشتی ئەوەی بەچاوی خۆیان ببینن کە کورد تووشی چی نەهامەتییەک بووەتەوە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی بەعسدا.

پێشبینی دەکرێت بە هەر سێ گۆڕەکەوە، نزیکەی ڕووفاتی 500 کەسی تێدابێت

هەدار زوبێر بارزانی لە درێژەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر هەڵدانەوەی ئەو دوو گۆڕەی دیکە و دەربارەی کاتەکەشی ئەوەی ڕوونکردەوە "کاتەکەی دیار نییە، ڕووفاتی قوربانییانی گۆڕی یەکەمی ئەو سێ گۆڕە لە پزیشکی دادە لە بەغدا و چاوەڕوانی ئەنجامی پشکینەکانین بەتایبەت پشکینی DNAو ئەوانی دیکەش کە نزیکەی مانگێکی دیکە دەست بەهەڵدانەوەیان دەکرێت". ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەدار زوبێر بارزانی سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەشی پێشبینی دەکرێت لەنێو ئەو گۆڕانەدا ڕووفاتیان بدۆزرێتەوە گوتی: جارێ دیار نییە، بەڵام پێشبینی دەکرێت بە هەر سێ گۆڕەکەوە، نزیکەی ڕووفاتی 500 کەسی تێدابێت.

هەدار زوبێر بارزانی سەبارەت بەبوونی دوو گۆڕی دیکەش جگە لەوانەی باسکران ڕایگەیاند: جگە لەوەی باسکران، دوو گۆڕی دیکەش لەو ناوچەیە هەبوون و زانیاریی ئەوەمان پێدەدرا کە گوایە ئەوانیش گۆڕی قوربانییانی کوردن، بەڵام دوای بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت نەخێر، ئەوانە قوربانیی شەڕی عێراق و کوێتن.



خەڵات بارزانی

مەزاری نەمران..

ئارامگەیەک بۆ هەموان سیمبولێک بۆ مرۆڤایەتی

بەسەرکردنەوەی مەزاری نەمران لە دەڤەری بارزان سەنتەری ڕووبەڕووبوونەوەو بەرخودان، بەتەنیا بریتیی نییە لە بەسەرکردنەوەی گۆڕی ڕابەران و سەروەرانی نەتەوەیەک، بەڵکو بۆتە هەڵگری زیاتر لە چەندین ماناو گوزارشتی پڕ بەها، جگە لەوەی مەزاری نەمران وەک سیمبولێکی شۆڕشگێڕی و خۆشەویستی نیشتمان و خاک و وڵات و نەتەوایەتی دەردەکەوێ، لەدیوێکی دیکەشەوە بۆتە ناوەندێک بۆ نوێبوونەوەی بەڵێن و وەرگرتنی وزەی نیشتیماندۆستی و تۆخکردنەوەی ڕەنگەکانی کوردایەتی ڕاستەقینەو پاشانیش وەک شوێنگەیەک بۆ ئارامبوونەوەی ڕۆحی پەیڕەوانی ڕێبازەکە و تەنانەت دەرەوەی ڕێبازەکەش یەکلایی بۆتەوە.

لە دەروازەی دەڤەری بارزانەوە زیاتر هەست بە ژیانەوە دەکەی، هەر لە ژیانەوەی دڕەخت و باخ و ڕەزو شاخ و دەشت و بنارەکانییەوە تا دەگاتە جوانی دیمەنی ئەو ئاژەڵە ماڵی و کێوییانەی کە بەقەت مرۆڤەکان هەست بە ئاسایشی ژیانیان دەکەن، لە میژوی بارزانیدا بوونی کەنیسەی مەسیحیەکان و پەرستگای یەهودییەکان و مزگەوتی موسوڵمانان بە دووری تەنها چەند مەترێک لە یەکتریبەوە لە ناوچەکە هێمایەکی ئاشکرابوە بۆ بوونی ڕەنگەکانی ژیانکردن لە ناوچەکە و نیشتمانیک بۆ هەموان بەبێ جیاوازی بە تایبەت بە بڕوابوونێکی پتەو بە ڕێزگرتن و قبوڵکردنی جیاوازییە ئایینی و کلتوری و مەزهەبیەکان لە ناوچەکە. هەرکەسێک سەردانی بارزان دەکات تێدەگات بارزان لە ڕووی پاراستنی (ژینگە و سروشت و کلتووریکی بەرزی کۆمەڵایەتی و هونەردۆستی و ئایین و خۆشەویستی خاک و چەندین بەهای کۆمەڵایەتی تر) نمونەی ناوچەیەکی پڕ ژیانن.

ئەوەی جێی سەرنج و بایەخە ڕۆژانە و بە بەردەوامی خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و تۆێژەکان سەردانی بارزان و ئارامگەی نەمران دەکەن هەڵبەتە ئەوەی ئەم ئارامگەیە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە سالانە بە هەزاران کەس لە نەتەوە و ئایین و لایەن و لایەنگری سیاسی جیاواز و تەنانەت کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و شانبە بیانییەکان وەک ئارامگەیەکی ڕۆحی بالا مەزارەکە بەسەردەکەنەوە.

سەردان و بەسەرکردنەوە مەزاری نەمران لە چوارچێوەی تەنها سەردانکردن دەرچووە بەڵکو هەندێجار شێوازی جیاوازی سەلماندنی وەفا دەگیرێتە بەر لەوانە بڕینی ڕێگایەکی دوور لەناوچە جیاوازەکانەوە بەپێ و بەبێ بەکارهێنانی هۆزەکانی گواستنەوە، کە ئەمەش چەندین شەو و ڕۆژ لە ڕێگادا دەمێننەوە تەنها لەپێناو وەفا و دڵسۆزی بۆ ڕێبازی بارزانی. ئەم بەسەرکردنەوانە پەیامێکی بەهادارە بۆ سەلماندنی پیرۆزی ڕێبازێک کە چەندین ساڵە پەیڕەوانی لە پاراستنی ڕێبازەکە بەردەوامن.

کاتییەتی دووپاتی ئەو حەقیقەتە بکەینەوە کە مەزاری نەمران، مەزاری چینێک، تۆێژێک، هێزێک، حزبێک، نەتەوەیەک، ئایینێک، ئایینزایەک و ناوچەک نییە بەتەنیا، بەڵکو مەزاری نەمران ئارامگەیەکی ڕۆحییە بۆ هەموان.

ئاسایشی کەرکووک: هێزە عێراقییەکان توانای پاراستنی پێکهاتەکانی ئەو شارەیان نییە

خەبات/ ئارام شێرکۆ

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، شارەکە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر دایە و هێزە عێراقییەکانیش توانای پاراستنی شارەکە و دانیشتوانەکەیان بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە نییە. ڕووداوەکانی قەزای داقووقیش یەکێکە لەو بەڵگانە، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەڵوێستی تووندیان هەبێت، چونکە ئەمەیش بەشێکە لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و ناو شاری کەرکووک.

عەمید ئیدریس ڕەفعەت بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک لە لێدوانێکی تایبەتدا ڕایگەیاند: هەمیشە جەختمان لەوە کردۆتەوە کە لە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بارودۆخێکی ئەمنی نەخوازراو لە پارێزگای کەرکووک و باشووری شارەکەو دووزخورماتوو هەیە، ئەو ڕووداوانەی ئێستایش ڕوودەدات بە هۆی دروستبوونی بۆشایی ئەمنیەوەیە لە ناوچەکە بەگشتی. چونکە ئەو هێزانەی ئێستا لە ناوچەکەن نین بۆ پاراستنی سەرومالی هاووڵاتیان هاتبن، بەڵکو هێزێکی داگیرکەرن و بۆ ماوەیەکی کاتی هاتوون و دواتر دەگەڕێنەوە، ئەمەیش وادەکات کەخۆیان وەک پێویست سەقامگیری ناوچەکە ناسوو تێت بۆیە ناتوانن وەک پێویست کارەکانی خۆیان بکەن. بەداخەوە بەردەوام کردەوەی تیرۆرستی لە شارەکە و دەوروبەری ڕوودەدات، ئەوەی قەزای داقووقیش یەکێک بوو لە کردەوەکانی تری تیرۆرستان و ئەمەش بەڵگەیە کە ئەو هێزانە ناتوانن سەرومالی خەڵکی بپارێزن.



بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک گوتیشی: بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی ئەو پارێزگایە لە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە تێکچووە، پێویستە پێش هەموو شتێک ڕەوشی ئەو شارە ئاسایی بکرێتەوە. کە کراوە بە سەربازگە و هەموو پێکهاتەکانی شارەکە تێیدا نیگەڕانن، بۆیە پێویستە مەڵەفی ئەمنی ڕادەستی خەڵکی ئەو شارە خۆی بکرێت، بۆ ئەوەی لەو نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێیە ڕزگاریان بێت.

عەمید ئیدریس گووتیشی بەهۆی ئەو شارە کراوە بە سەربازگە باری ئەمنی سەقامگیر نیە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکە دەستیان کردوە بە فرۆشتنی خانۆکانیان دێنە شارە کانی هەولێر و سلیمانی بڕۆ هەر گەرەکێکی ئەو شارە بەدەیان خانوو لێ نووسراوە بۆ فرۆشتن خۆی لە خۆیدا ئەمەیش بەشێکە لە بەعەرەب کردنی شارەکە گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک کە مەترسی گەورەی لە دوایە، بۆ سەر ئایندەی ناوچەکە.

نەرویژ.... لە سیمینارێکدا یادی 16ی ئاب و لە دایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی پیرۆزکرا



ساسان دەرویش/نەرویژ:

لە درێژەی چالاکییەکان لە ئاهەنگ و سیمینارەکان لە سنووری لقی 6 ئەورووپایی پارتی دیموکراتی کوردستان و پیرۆزڕاگرتنی یادی 16ی ئاب و 73هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژی لە دایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانی، لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ، لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری لیژنەی ناوچەی نەرویژی پارتی و بەهەماهەنگی سیلاف مالا کوردان پێکەوە ئەم بۆنەیان لە دوو بابەتی جیاوازی یەک سیمیناردا بۆ ئەدیب چەلکی کادیری پێشکەوتووی پارتی و نووسەر و شاعیر لە ژێر ناونیشانی "ڕێبازا بارزانی.. پێناسە و هێلە گشتییەکان، هەروەها ئەکرام سالح ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی 22ی گەرمیان لە ژێر ناونیشانی "کاودانێن هەنوکییێن هەرێما کوردستانێ و عێراقێ" بەئامادەبوونی بەهجەت مەسیفی ئەندامی لقی 6 ئەورووپایی پارتی و خالد نیال بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لایبزیک لە ئەڵمانیا و نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کورد پیرۆز کرد. سەرەتا تەها بێجانی بەرپرسی لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆ بەخێرهاتنی هەموو میوانەکانی کرد و باسی لەم بۆنە پیرۆزە کرد و بەخولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی بەرزەفڕی کوردو کوردستان لەگەل مارشی ئەی ڕەقیب سیمیناردکە دەستپێکرد. پاشان ئەدیب چەلکی لە باسێکی تیۆرتەسەلدا باسی لە ڕێبازی پیرۆزی بارزانی کرد کە ناوێتە بووە لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیڕەو دەکرێت لە کوردایەتی و پاکی و جوانیی خەبات و پێشمەرگایەتی کە دنیایەکی جوانیان هێنایە بەرهەم لە دەسکەوتی گەورە بۆ نەکەوێتەوە بەردەم هەڕەشە.

لە کۆتاییشدا لەگەڵ بڕینی کێک و شیرینی بەم بۆنەیەو خەڵاتکردنی کۆمەڵێک پێشمەرگەی گوڵان و کەسایەتی دڵسۆز بە ڕێبازی بارزانی و پارتی ڕێزلێنانیان پێشکەشکراو بەمشێوەیە سیمیناردکە کۆتایی هات.

هەر بەم بۆنەیەشەوە عەدنان موختار کادیری ڕاگەیاندن بۆ خەبات گوتی: ئەم بۆنە سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەییانە بۆ ئێمەی کوردی تاراوگە و یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنیان بەکارێکی پیرۆز دەزانین و بۆ هەمیشە پاڵپشتیی پارتیمان و سەرۆک بارزانین و لەو ڕێگایەشەوە خزمەت بە کورد و کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و هەرێکەمان لەدڵ و مێشکماندا چەسپێنراوە و منداڵەکانیشمان بەهەمان شێوە پەروەردە دەکەین کە خاک و گەلەکەی خۆیان خۆش بوێت.

چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەوەرێکی گرنگی کۆنگرەی نێودەوڵەتی (ئایین لەپێناوی ئاشتی)



ئەڵمانیا- تایبەت بەخەبات

لە ڕۆژانی 20 تا 23ی ئەم مانگە لە شاری لیندا و لە ئەڵمانیا بەئامادەبوونی سەرۆکی وڵات، کۆنگرەی نێودەوڵەتی "ئایینەکان لەپێناو ئاشتی" بە بەشداری نزیکەی 900 کەسایەتی ئایینی و سیاسی و ڕۆشنبیری کە لە 125 دەوڵەتی جیهانەوە داوەت کرابوون. لەم کۆنگرەیەدا چەندین کێشەی جۆراوجۆری ناوچە جیاجیاکانی هەموو کێشوەرەکانی جیهان خرایەڕوو و تەئکید لەسەر زەرووڕەتی هاوکاری کەسایەتییە ئایینییەکان و دامەزراوە ئایینییەکان و هەماهەنگی هەموو ئایینەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە خرانەڕوو، لەوانە کێشەکانی تێکچوونی ژینگەی جیهان و سووتانی دارستانەکان و پیسبوونی ڕووبار و دەریاکان و کەمبوونەوەی ئۆکسجین و کوشتن و لەناوچوونی بە کۆمەڵی گیانلەبەران، هەروەها بابەتی زیادبوونی وتاری هاندان بەشێوە سیاسی و ئایینی و قەبەلییەکەی و ناکۆکییە کارەساتبارەکانی نێوان ئایین و مەزهەب و نەتەوەکانی جیهان، هەروەها شەڕ و برسێتی لە کیشوەری ئەفریقیا و کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان و کێشەی کۆچ و کۆچبەران و زیادبوونی بازرگانی چەک و شەڕ و ئاژاوە و تەرخانکردنی زیاد لەچاوەڕوانکراوی بوودجەی نیشتیمانی هەندێ وڵات بۆ لایەنی سەربازی و فەرامۆشکردنی لایەنی پەروەردەیی، هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێکی بەرچاوی کاتەکانی ئەم کۆنگرە گەورەیەی داگیرکردبوو.

مەبەستی نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کە تاکە کوردی بەشداربووی ئەم کۆنگرەیە بوو، بابەتێکی لەسەر ئاین و دیبلۆماسیەت پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە یەکێک لە ڕێگەکانی چارەسەری یەکجارەکی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چارەسەرکردنی کێشەی کوردە کە نزیکەی 100 ساڵە بەبێ خواستی خۆی بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا دابەش بووە، داواشی لە ئەندامانی کۆنگرە کرد پشتیوانی گەلی کورد بن بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی.

شایانی باسە ئەم کۆنگرەیە کە هەر 5ساڵ جارێک دەکرێت هاوشێوەی پەرلەمانێکی ئایینیی جیهانییە کە مەرجەعی باڵا و نوێنەرانی سەرجەم ئاین و مەزهەب و نەتەوە و زۆربەی حکوومەتەکان تێیدا بەشدار دەبن و ئەو ڕاسپاردانەی لەم کۆنگرەیەش دەردەچن دەدرێتە نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و جامیعەی عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی و یەکێتی ئەفریقیا و زۆربەی ناوەندە سیاسییە کاریگەرەکانی جیهان.

ئەمەریکا بۆ یەکەمجار داعشی لە ناوچەی قەراج کردە ئامانج

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت هێزەکانی عێراق سنووری ناحیەی "قەراج"ی قەزای مەخموریان جێ هێشتووە و ئەمەریکاش بە تۆپ حەشارگەی داعشی لە ناوچەکەی کردووەتەوە ئامانج. لەمبارەوە سروود سالح، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە مەخموور بە خەباتی ڕاگەیاند: هەندێک زانیاری هەبووە لە دەوروبەری گوندەکانی "قەرەگۆسک و گەراو" لە سنووری ناحیەی قەراج و لە بناری ئەشکەوتەکان داعش جوواڵەی هەبووە، بۆیە ڕۆژی یەکشەمە ئەمەریکا بە تۆپ ئەو ناوچەیەی کردووەتە ئامانج و نزیکەی 100 تۆپی ئەمەریکی لەو ناوچەیە دراوە. ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە گوتیشی: لە قەراج داعش هەیە و جموجۆڵیان زۆر بووە و سوپای عێراقیش ئەو ناوچەیەی جێهێشتووە و قەراجیش لە نێوان زاب و حەویجەیە کە ئەو ناوچە زۆر مەترسیدارە و ئەمە بۆ یەکەمجارە ئەمەریکا ئەو ناوچە دەکاتە ئامانج.

پلانی عێراق بۆ پاراستی سنووریی لەگەڵ سووریا

فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر یارەڵڵا: ئامانجمان کۆتاییهێنانە بە دزەکردنی تیرۆریستانی داعش لە خاکی سووریاوە بۆ ناو عێراق



جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕابردوو، پێشڤەچوونی باش لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێستادا، بەدیهاتووە. جێی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاندبوو کە هێزە عێراقییەکان دەستیانکردووە بە قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاکسازیکردنی بیابانەکانی ڕۆژئاوای ئەنبار ئامانج لێی کۆتاییهێنانە بە دزەکردنی تیرۆریستانی داعش لە خاکی سووریاوە بۆ ناو عێراق.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە وەزارەتی بەرگریی عێراق، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر یارەڵڵا گوتیشی: یەکێک لە ئەرکەکانی قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسر وردبینیکردنە بۆ کاری هەواڵگریی، هەروەها بەروارد لە تیرۆریستانی داعش.

فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر یارەڵڵا ئەوەشی گوت: هاوواڵتیان دڵنیا دەکەینەوە کە ڕەوشی سەرجەم ناوچەکان لەژێر کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکان دایە و جەخت دەکەینەوە کە ئۆپەراسیۆنەکە بەردەوامە و هیچ پەناگەیەکی ئارام بۆ تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکە نییە و سنووری نێودەوڵەتی وڵاتیش بە باشی پارێزراوە.

لێدوانی تەرەمپ لە لووتکەی G7 لەبارەی ئێران:

ئێران ئەو ئێرانەی پێش دوو ساڵ و نیو نییە



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرەمپ ڕایگەیاند کە تاوتوێی ناردنی هیچ پەیامێکی لەبارەی ئێران بە ناوی وڵاتانی G7 نەکردووە، بەڵام ناتوانێ ڕێگری لەو گفتوگۆیانە بکات کە وڵاتان لە نێو خۆیاندا دەیکەن. تەرەمپ لە پەراوێزی لووتکەی G7 لە شاری بیاریتزی فەرەنسا، کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکوەزیرانی کەنەدا، جەستن تروودۆ و سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن، شینزۆ ئابی ئەنجامداوە.

تەرەمپ لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ شینزۆ ئابی وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەنووسانی دایەوە و لەبارەی پرسیاری ئەوەی کە ئایا سەرکۆماری فەرەنسا، ئێمانوێل ماکرۆن بەناوی وڵاتانی G7 هیچ پەیامێک ئاراستەی ئێران دەکات یاخود نا، تەرەمپ گوتی: نەخێر، تاوتوێی پرسێکی بەم جۆرەم نەکردووە.

تەرەمپ لەبارەی پرسیاری ئەوەی کە ئایا پشتیوانی لە دیدار و کۆبوونەوەکانی ماکرۆن لەگەڵ ئێران دەکات؟ گوتی: بە دڵنیاییەوە، پشتیوانی لە دیدارەکانی سەرۆکوەزیرانی شێنزۆ ئابێش دەکەم، چونکە ئەویش لەگەڵ ئێران گفتوگۆ دەکات و وا تێدەگەم پەیوەندییەکی باشی هەیە. بەڵام ئێران ئەو ئێرانەی پێش دوو ساڵ و نیو نییە. ئێمەش دیدارەکانی خۆمان ئەنجام دەدەین، هەروەکو دەزانن، ناتوانم ڕێگری لە گفتوگۆی خەڵک بکەم. ئەگەر دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن ئەوا دەتوانن.

ئیسرائیل وێنەی دوو کۆژراوەکەی «سوپای پاسداران» بڵاودەکاتەوە



K24/ئیسرائیل وێنەی ئەو دوو ئەندامەی حزبوڵڵای لوبنانی بڵاوکردەوە کە لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە دەوروبەری دیمەشقی پایتەختی سووریا کوشتنی و دەڵێت: ئەو دوو کەسەی کرانە ئامانج، ئەندامی سوپای پاسدارانی ئێران. دوێنێ دووشەممە، 2019/8/26 سوپای ئیسرائیل بەیانناممەیەکی لەو بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە و ئاماژەی بەوەکردووە: ئەوانەی لە هێرشەکەی ئیسرائیلدا کوژران، لەگەڵ سوپای پاسداران کاریان کردووە و سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکێک بوون کە قاسم سولەیمانی، فەرماندارى فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران سەرپەرشتیی کردووە، یەکێکیان ناوی حەسەن یوسف زەبیب خەڵکی نەبتییەیە و ساڵی 1996 لە دایکبووە، ئەوی دیکەشیان ناوی یاسر ئەحمەد زاهر، خەڵکی گوندی بەلیدیە و لە دایکبووی ساڵی 1997ە.

لە بەیاننامەکەی سوپای ئیسرائیلدا ئاماژە بەوەکراوە، زۆر جار ئەو کەسانەمان لەناوبردووە کە بۆ کارپێکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لەلایەن فەیلەقی قودسەوە مەشقیان پێکراوە تا بتوانن فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئاسایی و ئەوانەی تەقینەوەکە ئەنجام دەدەن بەکاربهێنن. جێی باسە ئیسرائیل بەم دواییانە ئەوەی راگەیاند، چەند گورزێکی نوێی سەرەواندووەتە هێزەکانی ئێران لە سووریا، هێرشەکەش لەو کاتەدا ئەنجامدراوە کە خۆیان بۆ ناردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ ئاسمانی ئیسرائیل ئامادە دەکرد.

عێراق.. حەشدی شەعبی ئیسرائیل بە بۆردومانکردنی چەکدارەکانی تۆمەتبار دەکات



حەشدی شەعبی، ئیسرائیلی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشەوەیە کە ڕۆژی یەکشەممە بە دوو فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کرایە سەر لیوایەکی سەربە حەشدی شەعبی لە ڕۆژئاوای عێراق نزیک سنووری سووریا. لە ڕاگەیەندراوێکدا حەشدی شەعبی ئاماژەی بەوەکردووە کە جارێکی دیکە چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ڕۆژئاوای عێراق نزیک سنووری سووریا لە لایەن ئیسرائیلەوە کراونەتە ئامانج.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو، هێرشەکەی ئەمجارە لە ڕێگەی دوو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەوە ئەنجامدراوە دوای ئەوەی ئاسمانی عێراقیان بەزاند و لیوایەکی حەشدی شەعبییان لەسەر ڕێگەی هەردوو شاری عەکاشات و قائم بۆردومانکرد. هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی بۆردومانەکەدا، چەکدارێکی سەربە حەشدی شەعبی کوژرا و یەکێکی دیکەش بریندارببوو. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە کە ئەو هێرشانە بە پاڵپشتی بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدرێن.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا حەشدی شەعبی ڕایگەیاندووە "بەڵێن بە گەلی عێراق دەدەین کە زیاتر هەوڵەکانمان بۆ بەرگریکردن لە ئاسایش، سەقامگیری و خاک و سەروەری عێراق بخەینەگەڕ".

حەشدی شەعبی: بێدەنگ نابین لە هەمبەر بە ئامانجکردنی بارەگانمان



جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق، ئەبومەهدی موهەندیس ڕایگەیاند کە بێ دەنگ نابن لە هەمبەر بە ئامانجکردنی بارەگانیان. دوێنێ دووشەممە ئەبومەهدی موهەندیس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: بە ئەمەریکییەکان دەڵێین، حەشدی شەعبی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە سەربە حکوومەتی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، هەروەها بێ دەنگ نابین لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر بارەگاکانمان.

جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبومەهدی موهەندیس گوتیشی: هێرشەکەی سەر بارەگاکەمان ڕوونە و لەئێستادا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکەین کە ئەو مووشەکە لە کوێیەوە ئاراستەکراوە، پارچەی مووشەکەکەمان لە بەردەست دایە و بێ دەنگ نابین بەرامبەر ئەو هێرشە.

ئەبومەهدی موهەندیس داوای لە حکوومەت، ئەنجوومەنی نوێنەران و هێزە سیاسییەکان کرد کە هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی کوژراون. جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی ئەوەشی گوت: بێ دەنگبوون بەرامبەر ئەم پرسە، گوزارشتکردنە لە بێ بایەخکردنی خوێنی شەهیدان و هەوڵی ڕۆڵەکانمان، بەڵام لە بەرامبەر ئەو پرسە بێ دەنگ نابین، قسە بۆ گەلی عێراق دەکەین سەبارەت بەوەی لەسەر ئەرز ڕوودەدات، هەروەها باسی ئەوە دەکەین کە هێزەکانی ئەمەریکا لە کوێن و چی دەکەن، مامەڵەکردن لەگەڵ حەشدی شەعبی بەم شێوەیە قبوولکراو نییە لە لایەن هەر لایەنێکەوە بێت. جێی باسە بەم دواییانە لە چەند هێرشێکدا، چوار بارەگای حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی عێراق کرانە ئامانج و تا ئێستا ئەو لایەنە ئاشکرا نەکراوە کە ئەو هێرشانەی ئەنجامداوە.

ئەمەریکا پشتگیری ئیسرائیل دەکات بۆ لێدانی میلیشیاکانی سەربە ئێران لە سووریا

ئیدارەی ئەمەریکا پشتگیری لە لێدانی ئامانجەکانی فەیلەقی قودسی سەربە سوپای پاسدارانی ئێران لە سووریا دەکات لە لایەن ئیسرائیلەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە هەریەک لە وەزیری دەرەوە، مایک پۆمپیۆ و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامداوە. مایک پۆمپیۆ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا پشتگیری لە ئیدارەی ئیسرائیل کردووە بۆ لێدانی ژمارەیەک ئامانج لە سووریا و تیایدا هاتووە "مایک پۆمپیۆ مافی ئەوە دەدات بە ئیسرائیل کە بەرگری لە خۆی بکات بەرامبەر هەڕەشەکان کە لە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، هاوکات مافی ئەوەی هەیە بکەوێتە خۆی بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری هەر هێرشێک بۆسەر بوونی لە ناوچەکە".

هاوکات پۆمپیۆ و ناتانیاهو مشتومڕیان لەسەر ئەوەشکردووە کە چۆن ئێران هەندێک لە ناوچەکانی سووریا بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت.

بێنیامین ناتانیاهو ئەوەی بۆ مایک پۆمپیۆ دووپاتکردووەتەوە کە لە هەر شوێنێک سوپای پاسداران هەڕەشە دروست بکات بۆسەر ئیسرائیل، ئەوا لێی دەدەن.

جێی باسە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئیسرائیل، ژمارەیەک ئامانجی فەیلەقی قودسی سەربە سوپای پاسدارانی لە ناحیەی عەقرەبا سەربە پارێزگای گوندەواری دیمەشق باشووری سووریا پێکابوو.

شەرقولئەوسەت: سونnەکان لەلایەن حەشدەوە ڕووبەڕووی سووکایەتی دەبنەوە

ئاوارە گەڕاوەکانی مووسڵ جارێکی دیکە ئاوارەی کوردستان دەبنەوە

ئاوارە گەڕاوەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا، جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، دەبنەوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن و 600 هەزار عێراقی، کە نزیکەی 300 هەزار کەسیان خەڵکی مووسڵن، لە ئاوارەیی لە هەرێمی کوردستان و چەند ناوچەیەکی عێراق، دەژین.

هەروەک ڕۆژنامەکە بڵاوی کردووەتەوە، نزیکەی 72 هەزار ئاوارەی مووسڵی سەنتەری پارێزگای نەینەوا دوای ڕزگارکردنەوەی شارەکەیان لە ساڵی 2017 گەڕانەوە ناوچەکانیان، بەڵام بەهۆی خراپیی بارودۆخی مووسڵ و نەبوونی خزمەتگوزاری و بنەما سەرەکییەکانی ژیان، ڕۆژانە لانی کەم 25خێزان دەگەڕێنەوە کەمپەکان. جگە لە خراپیی بارودۆخی ژیان، دەست بەسەرداگرتنی شارەکە لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی نەگەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی، کە زۆرینەیان سوننە مەزهەبن و لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبیی شیعەمەزهەبەوە ڕووبەڕووی سووکایەتی و دەستگیرکردن و کوشتن دەبنەوە. بەهۆی شەڕی تائیفی و داگیرکاریی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، نزیکەی دوو ملیۆن هاوواڵاتی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و پەنایان بۆ پێشمەرگە هێنا. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین و ئەنباریان داگیرکرد.

عەممار حەکیم:

بە ئامانجکردنی دامەزراوە سەربازییەکانمان، پێشێلکارییەکی مەترسیداری سەروەریی نیشتمانییە



سەرۆکی ڕەوتی حیکمە، عەممار حەکیم ڕایگەیاند کە بە ئامانجکردنی دامەزراوە سەربازییەکان، پێشێلکارییەکی مەترسیداری سەروەریی نیشتمانییە. عەممار حەکیم لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر "چی ڕووەدات؟ پێشێلکردنی بەردەوامی سەروەری عێراق لە سایەی بێدەنگی فەرمی و حکوومی کە سەیرە ئەنجامدەران، هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەو پێشێلکارییانە ئاشکرا ناکرێن، دەربڕینی ناڕەزایەتیی ئیدانەکردن بەس نییە، چونکە ئەوەی دامەزراوە سەربازییەکانمان ڕووبەڕووی دەبنەوە پێشێلکارییەکی مەترسیداری سەروەریی نیشتمانی لە ئەستۆ بگرێت. سەرۆکی ڕەوتی حیکمە، عەممار حەکیم داواشی لە حکوومەت کرد کە بەرامبەر بەو پێشێلکارییانە بێ دەنگ نەبێت، هەروەها بەرپرسیاریەتی بەریگرکردن لە سەروەریی نیشتمانی لە ئەستۆ بگرێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت، پێشتر حەشدی شەعبی ڕایگەیاندبوو کە بە فڕۆکە بێفڕۆکەوان هێرشکراوەتە سەر هێزەکانیان لە قەزای قائم ڕۆژئاوای ئەنبار و لە ئاکامدا چەکدارێکی سەربە حەشدی شەعبی کوژراوە و یەکێکی دیکەش بریندارببو.

قاسم سولەیمانی لەسەر بۆردومانکردنی حەشدی شەعبی هاتە دەنگ



فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی لەسەر بۆردومانکردنی بنکەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، هاتە دەنگ. قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (تویتەر)، ڕایگەیاندووە، ئەو بۆردومانانەی ئیسرائیل «بێگومان کارێکی شێتانەن».

قاسم سولەیمانی ئاماژەی بە دانانی سنووریک بۆ ئیسرائیل کردووە و ڕایگەیاندووە، ئەو بۆردومانانە «دوایین پەلەقاژەی کیانی زایۆنی دەبن». لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا، چەندین جار بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی لەناوچە جیاوازەکانی عێراق کراونەتە ئامانج و ئیسرائیلیش ناڕاستەوخۆ دانی بە ئەنجامدانی هێرشەکان، ناوە.

دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق، زیاتر لە 60 میلیشیا تائیفی لەژێر ناوی حەشدی شەعبی و بە فەتوای ئایەتوللا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دروست کران.

لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەڵاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

شاندێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی چەند وەزارەتێک بەسەر دەکەنەوە



بۆ پیرۆزبایی و پاڵپشتی و هەمەهەنگی لە پێناو خزمەت کردنی زیاتری خەڵک، هەریەک لە سیروان بارزانی و دکتۆر ئاراس حەسۆ میرخان و نەجات عەلی و عەلی حوسێن ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییەکان، سەردانی وەزارەکانی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی و وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەلایەن د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و دکتۆر دارا‌رشید وەزیری پلاندانان و دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی و کۆیستان محەمەد وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندن پێشوازی کران.

لە چەند دیدارێکدا هەریەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایان ئاراستەی هەریەک لە وەزیری ئەم وەزارەتانە کرد بەبۆنەی دەست بەکاربوونیان و هیوای سەرکەوتنیان لەم ئەرک و پێگە تازەیەی خزمەتکردن بۆ خواستن، هەروەها ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ وەزیرانی حکوومەت تەئکیدیان لە هەماهەنگی و پێکەوەکارکردنی هاوبەش و بڕایەتی و پاڵپشتکردنی تەواوی حکومەت بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بە خەڵک بکرێت لەپێناو بەرژەوەندی گشت تویژ و هاوواڵتیانی کوردستان، هاوکات لەم دیدارانەدا ئاماژە بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و ڕێکخستنی نێومالی کوردستانی و قۆناغی تازەی کارکردنی هاوبەش و هەڵوێست و هەنگاوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و یەکدەنگی بیروڕای حزب لە پێناو پرسە نەتەوەیی نیشتمانییەکان تیشکی خرایەسەر، پاشان هەریەک لە وەزیرانی حکومەت تەئکیدیان کردەوە هەموو بەیەک تیم کارەکەن و هەنگاوی کردەیی بۆ سەرخستنی هەموو ئەو بەرنامانەی حکومەت داینارە لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری هاوواڵتیان دەبین و ئەم هەنگاوەش ببێتە جێگای ڕەزامەندی گەلی کوردستان.

ئەحمەد کانی ڕێز لە ئەفسەرانی خولی 16ی کۆلیژی پۆلیس دەگرێت



بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و د.ئاراس خۆشناو و ئاری نانەکەلی کارگێڕانی لق و ئەفسەران وپلەدارانی هێزەکانی ناوخۆ، بەبۆنەی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانی بەردەوامی لە هێزەکانی ناوخۆ،ئامادەی بە ئامانجیرێکخستنی مەراسیمەکە کرد کە لەپێناو هاندانی تاک تاکی ئەفسەرانە لە دەرچووانی زانکۆی خولی 16ی کۆلیژی پۆلیس ڕێکخست.

لە دەستپێکی مەراسیمەکە، ئاری نانەکەلی کارگێڕی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ناوچەی هێزی ناوخۆ، نیشتیمان، لە وتەیەکدا، وێڕای سوپاسکردنی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانی بەردەوامی لە هێزەکانی ناوخۆ،ئامادەی بە ئامانجیرێکخستنی مەراسیمەکە کرد کە لەپێناو هاندانی تاک تاکی ئەفسەرانە بۆ خزمەتی زیاتر.

دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا پیرۆزبایی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە هەموان کرد و کورتەیەکی میژوویی لەبارەی زەروورەتی دامەزراندنی پارتی و دەستکەوتەکانی باسکرد، پاشان بەرپرسی لقی دوو پیرۆزبایی لە ئەفسەران کرد کە بۆ لەمەودوا لە ڕیزی هێزەکانی ناوخۆ دەتوانن خزمەت بە نیشتیمان و گەلەکەیان بکەن.

وەزیری ئەوقاف پێشوازی لە کونسوڵی ئێران دەکات



دووشەمە 2019/8/26 لە دیوان وەزارەت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەئامادەبوونی د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی دیوان پێشوازی لە نەسرۆللا ڕەشنودی کۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر کرد. لەدیدارەکەدا وەزیری ئەوقاف بەخێرهاتنی کونسوڵی کرد و ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دراوسێیەک بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و لە ڕابردوو ئەم پەیوەندییە ڕەنگی داوەتەوە بۆیە پەیوەندییەکی دیرۆکی لەنێوان هەردولادا هەیە و پێویستە پەرەی زێتر بە پەیوندیەکانمان بدەین، وەزیری ئەوقاف لەبارەی پێکەوەژیان لەهەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ڕەوشی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە باریکی زۆر باشدایە و پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ئاینەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە هەموشیان نوێنەرایەتی خۆیانیان هەیە.

بۆ بڕەودانی زیاتری بە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو لا وەزیری ئەوقاف ئاماەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی نیشاندا بە مەستی گرێدانی پەیوەندی بەهێزی هەردوولا.

لەبەرامبەردا سەرکۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر پیرۆزبایی ئاراستەی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد بەبۆنەی دەست بەکار بوونی لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان لە بارێکی زۆر باشدایە و پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ئاینەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە هەموشیان نوێنەرایەتی خۆیانیان هەیە.

سەرەتای مانگی داهاتوو ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی دەگاتە پەرلەمان



بە مەبەستی چۆنیەتیی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ بەهێزکردنی دیوانی چاودێریی دارایی، کاتژمێر 10:30ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 26/8/2019 لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی هێمن قادر ئەحمەد جێگری سەرۆکی لیژنە و ئامادەبوونی ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە لە هۆڵی لیژنە لە تەلاری پەرلەمان لەگەڵ هادی چاوشلی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی ڕوونکردنەوەی لەسەر کارەکانیان دا و ڕایگەیاند: سەرەتای مانگی داهاتوو ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ ساڵەکانی 2016ـ 2017 ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکات. لەلایەن خۆیانەوە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمان پاڵپشتیی خۆیان بۆ دیوانی چاودێریی دارایی نیشاندا و هیوایان خواست کە چاودێرێکی توند بێت لەسەر گەندەڵی و ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە پرۆسەی چاکسازیدا. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر چۆنیەتیی بەهێزکردنی ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستاندا.

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر:
بەستنی پێوەری زیرەک لە هەولێر بەردەوامە

خەبات ـ سەید فاتیح

بەرزنجی: ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: ماوەیەکە پرۆسەی بەستانی پێوەری زیرەکی کارەبا دەستی پێکردووە و دریژەی هەیەوئەم پرۆسەیە هەر لە ساڵی 2013ەوە کاری لەسەر دەکرێت و پرۆسەی ڕادەستکردنی بە کۆمپانیا تەواو بووە و لە ئێستادا لە دوو گەڕەکی شاری هەولێر ئەو پێوەرە بەستراوە، یەکێک لەو شوێنانەش پیشەسازی باشووری شاری هەولێر بوو. دەربارەی بڕی ئەو قەرزەی کەهاوبەشانی کارەبا نەیانداوە بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر گوتی: بە گشتی هەموو هاوبەشانی کارەبای شاری هەولێر بڕی 400 ملیار دینار قەرزدارن و لەو بڕەش 120 ملیاری قەرزیان لەلای داموەزگاکانی حکومەتە و بەم هاوینەش لەشاری هەولێر 15-16 کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی بە هاوواڵتیان دەدرێت.

دوو قوتابخانە بە ناوی «بڕیار»ی تەمەن چوار ساڵان دەکرێن



مندالّی یەک لەو قوربانیانەی کۆتایی مانگی ڕابردوو بەهۆی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر بازگەیەکی نزیک کەلار لە سنووری پارێزگای سلێمانی گیانی لەدەستدا، بەهۆی خەم و حەسرەتی کۆچی باوکییەوە ئێوارەی یەکشەمە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، ئەو کۆچەش نیگەرانی و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. بڕیار کوڕی بچووکی ئاسۆ جەلال مەسۆیە کە بەڕپرسێکی هێزەکانی ئاسایش بوو لە سنووری گەرمیان، شەوی 31ی تەموزی ڕابردوو بەهۆی هێرشەی چەکدارانی داعشەوە لەگەڵ سێ کارمەندی تری ئاسایش گیانیان لەدەستدا.

وەک خێزانەکەی لە نەخۆشخانەڕایانگەیاند، لە دوای شەهید بونی باوکییەوە، بڕیاری تەمەن چوار ساڵان بەردەوام هەواڵی باوکی پرسیوە و داوای کردووە لەڕێگەی پەیوندی تەلەفۆنییەوە بۆی وەڕبگرن و بە وێنەوە قسەی لەگەڵ بکات، تا دواجار بە ناچاری دەیبەنە سەر گۆڕەکەیی و دڵنیایی دەکەنەوە لەوەی باوکی کۆچی دوایی کردووە. بەو هۆیەوە بڕیار کەوتوەتە دۆخێکی دەروونی ناجێگیر و بەهۆی حەسرەتی دووری لە باوکی و ئەو پەیوندییە خۆشەویستییەی لە نێوانیاندا هەبووە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە دوورە پەرێزی و خەمباری دەمێنێتەوە و هیچ قسەیەک ناکات، پێش دوو ڕۆژ دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی پزیشکەکان ڕایانگەیاند کە بەهۆی خەم و ئەو دۆخەی بەسەریدا هاتووە تووشی جەڵتەی مێشک بووە و خرایە ژێر چاودێری وردی پزیشکییەوە. بەگوێرەی بڕیارێکی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی کە دوێنێ دەرچووە، تیایدا بڕیار لەسەر گۆڕینی ناوی قوتابخانەیەکی شارەکە دراوە. لەو بڕیارەدا کە ژمارە 19375ی لەسەرە تیایدا هاتووە بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێمان دراوە بڕیارماندا بەگۆڕینی ناوی قوتابخانەی کوردستانی بنەڕەتی بۆ قوتابخانەی بڕیاری شەهید ئاسۆی بنەڕەتی لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەلات لە بەروای سەرەوە. لە قەزای کفری لە سنووری ئیدارەی گەرمیان لە پارێزگای سلێمانی بەهەمان شێوە ناوی قوتابخانەیەک گۆڕدرا بۆ قوتابخانەی بڕیاری شەهید ئاسۆ.

زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی حەسەن کالینجەی تورکی ڕێککەوتنیان واژۆ کرد



لە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد دزەیی و عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و حوسەین جاکان دەرەوەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، دەربجام هەردوو زانکۆ ڕێککەوتنێکی پڕ کالینجە، ڕێکەوتنێک لەنێوان هەردوو زانکۆ واژۆ کرا.

دوای ئەوەی چەندین دیداری هاوبەش لەنێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی حەسەن کالینجە لەماوەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، دەربجام هەردوو زانکۆ ڕێککەوتنێکی پڕ بایەخیان واژۆ کرد لەبواری ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش و سازکردنی کۆنفرانسی زانستی لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ مەبەستی ئالوگۆڕکردنی قوتابی لەنێوان هەردوو زانکۆدا. لە دیدارەکەدا کە عەلی ڕەشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئاماەبوو کە هاوکات مامۆستایە لەم زانکۆیە، حوسەین جاکان بەڕپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی زانکۆی حەسەن کالینجی تورکیەو لە هەمان کات سەرۆکی بەشی ئەندازیاری شارستانیە لە زانکۆی ناوبراو، خۆشحالی خۆی دەربری کە دەرفەتی ئەوەی بۆ دروست بووە بتوانێت کار لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین بکات و پەیوەندیەکانی نێوان بەرەو پێشەوە ببات، بەتایبەت کە لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی ئەندازیاری شارستانی بەشێکی چالاک و پێشکەوتووە.

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە وا بریارە لە بۆنەیەکی تایبەتیدا لە زانکۆی حەسەن کالینج لە تورکیا ،ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ واژۆکردنی ئەوڕێککەوتنامەیە سازبکرێت کە لەنێوان هەردوو زانکۆدا ئەنجامدراوە.

www.xebat.net
ژمارە (5815) 2019/8/27 سێ شەممە



باکووری کوردستان.. ئافرەتێکی بەتەمەن نهێنیی بەتەمەنی دەگەڕێنێتەوە بۆ خواردنی سرووشتی

خەبات : باکووری کوردستان

دڵبەر کاراهان-ی تەمەن ١٠٥ ساڵان کە لە شارۆچکەی تاشلێچا سەربە پارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان دەژی، تەمەنی درێژی گێڕایەوە بۆ خواردنی سروشتی، خەوی رێک و کارکردن.

دڵبەر کاراهان کە لە گوندی کاغنیلّی کە ٢٥ کیلۆمەتر لە شارۆچکەی تاشلێچای دوورە دەژی لە ساڵی ١٩١٤ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٤ لەگەڵ مووحیدین کاراهان هاوسەرگیری کردووە و حەوت کچی هێناوەتە دونیاوە .بە تێپەڕبوونی کات پێنج لە کچەکانی کۆچی دوایی دەکەن و ساڵانێک لەمەوبەریش هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە. ئەو دوای ئەوەی دوو کچەکەی هاوسەرگیریان کردووە بە تەنیا لە گوندەکەیاندا ژیان بەسەر دەبات و سەرەڕای چوونە تەمەنەوە خۆی کاروبارەکانی ژیانی بەڕێ دەکات. کاراهان خاوەن ٢٥ نەوەیە و منداڵی نەوەکانیشی بینیوە و بە تەمەنترین کەسی گوندەکەیانە. دڵبەر کاراهان لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە گوێیەکانی باش کار دەکەن و تا ئەمڕۆ دووچاری کێشەیەکی تەندروستی ئەتۆ نەبووەتەوە و هێشتا گۆچانی بەکارنەهێناوە و تەندروستی باشە. نهێنیی تەمەن درێژیشی گێڕایەوە بۆ خواردنی سروشتی. - بە نانی جۆ گەورەبووین دڵبەر کاراهان باسی لەوە کرد کە تا ئەمڕۆ گرنگیی بە خواردنی سروشتی داوە و زیاتر رووەکی خواردووە و خۆی لە خواردنی شیرینی پاراستووە و گوتی: ''لە کۆندا ژیان زۆر سەخت بوو. دەخڵمان هەباشە دەکرد. بە دەستەکانمان گەنم و جۆمان جیادەکردەوە. جاران نانی گەنم لای هەموو کەس نەبوو، لەو سەردەمەدا نانی جۆ هەبوو. ئێمە بە نانی جۆ گەورەبووین. پێش ئەوەی بچمە تەمەنەوە ئاژەڵی بچووک و گەورەم دەدۆشی. لە کوێستانەکان ئاژەڵم دەلەوەڕاند و بەدرێژایی وەرزی هاوین لەوێ دەماینەوە. خورێمان دەشۆردەوە و پێداویستی جایزێمان دروست دەکرد. بەتەمەنترین کەسی گوند منم لە من بەتەمەنتری تیادا نییە .''کاراهان ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە لە حەوت کچ، دووانیانی بۆ ماوە و لەگەڵ ئەو دوو کچە و نەوەکانی کاتەکانی پشوو بەڕێدەکات.

''خۆم پێداویستیەکانی خۆم دابین دەکەم ''دڵبەر کاراهان باسی لەوە کرد کە لە گوندەکەدا بەتەنیا دەژی و سەردانی دراوسێکانی دەکات بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبێت و گوتی: ''لە هەندێک وەرزی سەختی زستاندا دەچمە لای کچەکەم کە لە ئایدن دەژی. لە هاوینیشدا دەچم بۆ ئاگری. لە کۆندا ژیان زۆر سەخت بوو. لەم دواییانەدا هەموو شتێک ئاسانتر بوو. تەنیایی بۆ خوا باشە. بەتەنیا ژیان سەختە. خۆم پێداویستی خۆم دەستەبەر دەکەم، مااڵەکەم گسک دەدەم، قاپەکانم دەشۆم. نان دروست دەکەم، کاتێک بێتاقەت بووم دەچمە دەرەوە بە گوندەکەدا دەگەڕێم. سەردانی دراوسێکانم دەکەم. ژیان بەم شێوەیە بەردەوامە .''

قەسیلە گۆکتاش دانیشتووی گوندی کاغنیلّی، باسی لەوە کرد کە دڵبەر کاراهان خزمی نزیکێتی و لە گوندەکەدا هەموو کەس ڕێزی زۆری دەگرن و گوتی: ''دڵبەر کاراهان براژنەم. لەهەمان کاتدا بەتەمەنترینی گوندەکەیە. زۆرمان خۆش دەوێت. تاجی سەرمانە. ژنی مامم. تا ئەمڕۆ زۆر کەم چووەتە لای پزیشک، هیچ نەشتەرگەری نەکردووە. چناری گوندەکەمانە، بەتەنیا لە ماڵەکەیدا دەژی.''



ئاکرەییەکان شارەکەیان لەسەر ئەندازەی کۆن نۆژەن دەکەنەوە

خەبات: دهۆک

دانیشتووانی ئاکرێی کۆن کە لە گەڕەکانی چوستەیی، گۆراڤا و قاپەکی پێکدێت لەسەر ئەندازەی کۆن خانووەکانیان نوێژەندەکەنەوە و دەیانەوێت لە ڕێگەی نوێژەنکردنەوەی ٣٤٠ خانوو سیمای کۆنی شارەکەیان بپارێزن. ئاکرێی کۆن بە هۆی درێژی تەمەنییەوە بەشێک لە خانووەکانی بەردەوام چوون و لەئێستادا دانیشتووانی ئەو گەڕەکانەی قەزای ئاکرێ لەژێر مەرج و چاودێری سەرۆکایەتی شارەوانی سەرقاڵی نوێژەنکردنەوەی خانووەکانیانن. ئاکرێ لە ساڵی ١٨٧٧ لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کراوەتە قەزا و مێژوونناسانی ئەم سنوورە، مێژووی دروستکردنی شارەکەیان بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێننەوە کە نزیکەی ٤٠ هەزار ساڵ پێش زایین دەبێت. محەمەد یەحیا محەمەد هاوڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی چوستەی-یە لە ئاکرێ کۆن، خۆی بیناسازە و کۆرەکەی شاگردی بۆ دەکات و دراوسێیەکی بە هەسپ تاشە بەردە گەورەکانی بۆ دەگوازێتەوە و یەکێکە لەوانەی کە ڕۆژانە حەوت کاتژمێر کار بۆ نوێژەنکردنەوەی خانووەکان دەکەن. محەمەد یەحیا محەمەد لە لێدوانێکیدا گوتی: "من یەکێکم لەو بیناسازە خۆبەخشانەی کە کار دەکەین بۆ نوێژەنکردنەوەی خانووەکانی گەڕەکی چوستەیی، گۆراڤا و قاپەکی بە گوێرەی مەرج و نەخشەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ئاکرێ، نوێژەنکردنەوە لە ٣٤٠ خانوو ئەنجام دەدەین". گوتیشی: "خانووەکانی ئاکرێ بە هۆی درێژی تەمەن و بە هۆی زۆری باران بارینی ئەمساڵ زیانیان بەرکەوتووە، ئێمەیش دەمانەوێت لەسەر ئەندازە و شێوازی کۆن، سیمای ئاکرێ وەکو جاران بپارێزین". ئەو ئامانجەی بە چۆنیەتی دروستکردن یان نوێژەنکردنەوەی خانووەکان دەکات و دەڵێت "ئێمە ئەو بەردە سپیانە لەم خانووانە دەستدەکەوێت کە لە دەروورووبەری ئاکرێ دارماون و لە ڕێگەی گوێدرێژ و هەسپەوە دەگوازینەوە، چونکە کوچە و کۆڵانەکانی ئەم گەڕەکانەی ئاکرێ زۆر بەرتەسک و بچووکن دەرفەت ناڕەخسێت هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێک بەکاربهێندرێت. دەشڵێت "سەرەتا بەردەکان بە چەکوچ دەکوتین، ئینجا بە مەکینە خشتەی لێ دروست دەکەین و دواتر بە بەکارهێنانی دوو جۆر چیمەنتۆ بەردەکان ڕادەگرین و دیواری لێ دروست دەکەین و لە کۆتاییدا کە دیوارەکە تەواو بوو، نەخش و ئەندازەی میژووی دێرینی ئاکرێی پێدەدەینەوە".

بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ئاکرێ، زێرەڤان تەمۆ لەبارەی نوێژەنکردنەوەی ئاکرێی کۆن گوتی: "بەگوێرەی پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت لە ساڵی ٢٠١١وە بڕیارواوبوو گەڕەکانی چوستەیی، گۆراڤا و قاپەکی کە سێ گەڕەکی سەرەکین لە ئاکرێی کۆن و ٣٤٠ خانووی لێیە، وەک ناوچەیەکی شوێنەواری بناسێندرێت، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی دژبە داعش ئەو بڕە پارەیەی مەزەندە کرابوو تەرخان بکرێت کە ٢٥٠ ملیۆن دینار بوو، خەرج نەکرا". گوتیشی: "تا ئێستا مزگەوتی گەورەی ئاکرێ و ٢٢ خانوو لە ئاکرێی کۆن نوێژەنکراوەتەوە، ئەمساڵیش بە هۆی باران بارینی زۆرەوە ١٠ خانووی میژووی دارمان و ژمارەیەک خانووی دیکەش مەترسی دارمانیان لەسەرە".

ئاکرێ.. بەکارهێنانی گوێدرێژ بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک

خەبات: ئاکرێ

لە قەزای ئاکرێ زیاتر لە سێ هەزار خێزان بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و خۆراک و کاروباری دیکەی ژۆژانەیان لەبری ئۆتۆمبێل پشت بە گوێدرێژ دەبەستن، شارەوانی شارەکەش بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی سێ گەڕەک، چوار گوێدرێژی تەرخانکردووە.

گەڕەکانی چوستەیی، گۆڕەڤا و قاپەکی کە سێ گەڕەکی قەزای ئاکرێی سەربە پارێزگای دهۆک-ن، دەکەونە دامێنی چیای کەلێ، بە کوچە و کۆڵانەکانی ئەم گەڕەکانەی قەزای ئاکرێ جگە لەوەی تەسک و تروسکن لە هەموو کوچە و کۆڵانەکان پەیژە دروستکراوە بۆ سەرکەوتن و هاتنە خوارەوە، بۆیە ئۆتۆمبێل بەهیچ شێوەیەک کەڵکی لێوەرناگیرێت بۆ هاتوچۆ کارکردن. لەو سێ گەڕەکەی ئاکرێ کە زیاتر لە سێ هەزار خانەواده نیشتەجێن، دەیان گوێدرێژ بۆ گواستنەوەی خواردن، خواردنەوە و نەوت بەکاردەهێنرێن دانیشتوانی ئەو سێ گەڕەکە تەنانەت بەرد، چیمەنتۆ، دەرگا و پەنجەرەش بە گوێدرێژ دەگوازنەوە. هەڵکەوتەی جوگرافی قەزای ئاکرێ وایکردووە کە خانووەکان بەسەر ڕیەکدا هەڵدابچن و سەربانی هەر خانوویەک ببێتە حەوشەی خانووەکەی ژێر خۆی، ئەمە وێڕای ئەوەی سیمایەکی جوانی بە شارەکە بەخشیوە، کەچی ژیانی دانیشتووانی ئەو گەڕەکانەی دەکەونە دامێنی چیا، سەختکردووە و سەختی ژیانی دانیشتووانی ئەم گەڕەکانەی ئاکرێ لەوەدایە کە تا ئێستا سوودیان لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێڵ نەبینیوە. شارەوانی قەزای ئاکرێ مانگانە بۆ خاوەنەکانی چوار گوێدرێژ بۆ هەریەکێکیان ٧٠٠ هەزار دینار دەدات کە لە سەدا ٥٠ی پارەکە لە گوێدرێژەکان خەرج دەکرێت بۆ کڕینی جۆ، نااڵ، کورتان و هەگبەیەکی گەورەی نایلۆن بۆ تێخستنی زبڵ و خاشاکی گەڕەکانی چووستەیی، گۆڕەڤا و قاپەکی. بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی شارەوانی قەزای ئاکرێ، زێرەڤان تەمۆ لە لێدوانێکیدا گوتی: "شارەوانی ئاکرێ گرێبەستێکی ١٥ ساڵی لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە کە لە گرێبەستەکەدا هەشت گوێدرێژ لە سنووری قەزای ئاکرێ، بەردەڕەش و شێخان بۆ کۆکردنەوەی پاشماوە و خاشاک تەرخانکراوە، تا ئێستا چوار گوێدرێژ لە ئاکرێ کاریان پێدەکرێت". زێرەڤان تەمۆ لەبارەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکە گوتی: "بێگومان چوار گوێدرێژ بەسە بۆ کارپێکردنی گوێدرێژ لە ئاکرێ نوێ دەکرێتەوە، ئەگەر پێویست بکات گوێدرێژی زیاتریش تەرخان دەکەین".

سالم ئەحمەد زێباری خاوەن یەکێک لە گوێدرێژەکان بەیانیان کورتان دەخاتە سەر پشتی گوێدرێژەکەی و هەگبە گەورەکەی دەخاتە سەر کورتانەکە و کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵی گەڕەکی چووستەیی دەگەڕێت و زبڵ و خاشاک لە گوێدرێژەکە بارەکات. سالم ئەحمەد زێباری گوتی: "ئێمە چوار کەسین کە هەر یەکە و گوێدرێژێکمان هەیە کە لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی قەزای ئاکرێ پارەمان بۆ تەرخانکراوە، بە مەبەستی پاکڕاگرتنی گەڕەکانی چووستەیی، گۆڕەڤا و قاپەکی. هەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک لەم گەڕەکانە بەکارناهێندرێت".

ئەو گوتیشی: "ماوەی هەشت ساڵە بەبێ پشوو وەرگرتن و بەبێ گوێدانە سەرمای زستان و گەرمای هاوین بەردەوامین لە کارەکانمان. لە گەڕەکی گۆڕەڤا من و هاوپیشەیەکم دوو گوێدرێژ بەکاردەهێنین و دوو هاوپیشەی دیکەیشمان لە گەڕەکەکانی چووستەیی و قاپەکی بەیانی تا ئێوارە هەڵدەستن بە پاککردنەوەی گەڕەکەکان". حکوومەت مانگانە ٧٠٠ هەزار دیناری بۆ خاوەنی هەر گوێدرێژێک تەرخانکردووە، خاوەن گوێدرێژەکە دەڵێت "مانگانە ٧٠٠ هەزار وەردەگرین لە سەدا ٥٠ی پارەکە بۆ گوێدرێژەکانمانە، چونکە دەبێت مانگانە جۆ، نااڵ، کورتان و هەگبەی نایلۆنی گەورە بکڕین و لە سەدا ٥٠کەی دیکەیش لە مااڵ و منداڵەکانمان خەرج دەکەین". ئەو چوار گوێدرێژەی لە لایەن شارەوانی قەزای ئاکرێ پارەیان بۆ بڕاوەتەوە لە بەرزایی چیای کەلێ هەریەک بە کۆچە و کۆڵانەکانی سێ لە گەورەترین گەڕەکانی ئاکرێ بااڵدەبنەوە زبڵ و خاشاکی لە هەگبەکانیان بارەدەکەن و دەیانگەیەنن بەو شوێنانەی کە شارەوانی بۆیانی دەستنیشانکردووە.





کۆڵتی بەر کەلەکەی موختار و گەشەسەندنی دێ



کاروان کەریم خان*

دیارە کە دەوڵەتی عێراقیی تەزویر دەوڵەتێکی خۆڕسکاو و سروشتی نییە و لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆر و خەلافەتی بە ناو ئیسلامی عوسمانی ولاتێکی ساختەی وەک عێراق لە بەرژەوەندیی زلهێزان لە لایەن کۆنسۆرسیومی تالانبەری نەوت دروست بوو. ئەم ولاتە درۆ و دەستکردە جگە لەوەی سنووری مزەودر و ناپایەدارن، تەنانەت ساختار و نیزامی ئیداری و بڕۆکراسییەکەشی لە ولاتی تورکیای ڕابردوو وەرگیراوە. بۆیە تاکوو ئەم سازە ئیداریە لە ڕیشەدا نەگۆڕدرێ دیموکراسی و گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەم دەوڵەتە سەقەت و لەرزۆکە سەرناگرێ.



جا بۆ ئێمەی کورد لە ڕوویەکەوە ڕەنگە گرینگ نەبێ عێراقی بێگانە پێش کەوێ یا نا، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئێمە درک بەوە بکەین کە لە دوای ڕاپەڕین سیستەمی ئیداری ئێمە کۆپییەک لە عێراق بووە و سیستەمی عێراقیش کۆپی سیستەمە کۆنەکەی تورکە سەڵتەنەت ویستەکانە. دواجار ئەو سیستەمە فەلەجە وەڵامدەری تەکنەلۆژیا و ئامانجەکانی پێشکەوتنی ئێستای نیە. بە تایبەتی لە ئێستادا کە دوو بابەتی دیموکراسی و گەشەسەندن دەستەملانی یەکتر بوونە و بوونەتە هیوای زۆرێک لە گەلانی پێشکەوتنخواز، ئەم سیستەمە ڕەق و کۆن و تاک گەرایەی عێراق و کوردستان دەست و پێی ماتۆڕی ڕەونەق دەگرێ و دەسکی بێڵی پێشکەوتن دەردێنێ.

لێردا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئێمە وەکوو هەرێمی کوردستان لەو ناوە دەبێ بەرەو کامە ئامانج و چۆن بچین؟ ئایا هەرێمی کوردستان دەبێ بەو گۆپاڵە خوار و ڕزیوە ئیدارییەی عێراق هەنگاو بنێ یا لە ڕیشەدا بە مەبەستی بنەجێ کردنی دیموکراسی و گەشەکردن یاسا کۆنەکان فڕێ بدات و سیستەمێکی نوێی ئیداری بێنێتە کایەوە؟ لە وەڵامدا پێدەچێ هەرێمی کوردستان لە هەنگاوی سەرەتادا، دەبێ سیستەمی بڕۆکراسی و ئیداری خۆی لە بچوکترین دامەزراوەدا بگۆڕێت و لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی خانەوادە و گوند و گەڕەکدا گۆڕانکاری دیموکراتیک دروست بکات. یەکێک لەو دامەزراوانەی ئەنجومەنی خۆماڵی گوندی و گۆڕینی موختارەکان و دانانی ئەنجومەنی دێهاتە کە پێویستە بە هەڵبژاردن بکرێت. لە ڕاستیدا مادام ئێمە لە سەرەتاوە سیستەمی دیموکراسی و پەرلەمانمان لە کوردستان نەخشاند، پێویستە ئەوەش بزانین کە سیستەمی دیموکراسی دەبێ لە بچوکترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی وەک خانەوادە، قوتابخانە، گەڕەک و گوند بدرێتە بەر ڕاهێنان بۆ ئەوەی ورده ورده فەرهەنگی لیبڕاڵی و دیموکراسی لە ناو ڕەفتاری گشتی و ئیداریدا ڕەنگ بداتەوە و بنەجێ بێ. کاتێک سیستەمی دەسەڵات لە ولاتێک دەگۆڕدرێ ناکرێ سیستەمی بڕۆکراسی و ئیداری وەک خۆی بمێنێتەوە، دەبێ لە بچوکترین یەکەی ئیداری گۆڕانکاری بکرێت. بۆ وێنە ناکرێ لە ناو سیستەمێکی خوازیاری دیموکراسی موختارێک بە دەمانچەی بەر کەلەکەیەوە زمانحاڵی گوندێک بێت. هەروەها ئەو ولاتەی خولیای گەشەسەندنی لە میشکدا بێت دەبێ لە گەڕەک و گوندەکاندا ئەنجومەنی خۆماڵی و خۆجێیی هەڵبژێردراو دابنێ بۆ ئەوەی بە ڕاوێژی گشتی پێداویستی و پێشنیازەکانیان باشتر بناسن و کاری بۆ بکەن. ئەگەر هەرێمی کوردستان حەزی لە پێشکەوتن بێت دەبێ هاوتەریب لە گەڵ گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی بیر لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بکاتەوە. یەکێک لە کلیلەکانی ئەم گەشەسەندنە گۆڕینی ڕێڕەوی ئیداری و بڕۆکراسییە لە بچوکترین یەکەی تاکو گەورەترین یەکەی ئیداری. لێردا ئێمە فکوس لە سەر بچوکترین یەکەی پەیوەندیدار بە حکوومەت دەکەین. یەکێک لە دوگمەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی مەیدان دانە بە خەڵکی گوند و گەڕەکەکان بۆ ئەوەی خۆیان بە شێوەیەکی دیموکراتیک نیازەکانی خۆیان بناسن و خەباتی بۆ بکەن و پێویستە لە لایەن حکوومەت دیموکراتیزە بکرێت. بێگومان تاکوو فەرهەنگی دیموکراسی نەچێتە ناو ناخی هەموو تاکێکی گوند و شار ڕێزگرتن بۆ دەنگ مانای نابێ. واتا بەم شێوەی ئێستا دیموکراسی شێوەکەی ڕەق دەبێت و دەرئەنجامی ئەوە دەبێت کە لە دوای کابینەی هەشتەم ڕووی داوە و لایەنی دۆڕاو بە دەگەوەڵامی دەنگ دەداتەوە. بەشێکی سەرەکی ئەم گرفتە ڕیشەی لە نەبوونی فەرهەنگی دیموکراسی دایە و پێویستە بە سیاسەتی ئیداری و سیستەمی ئیداری فەرهەنگی دیموکراسی بخرێنڕێتە ناو دڵی کۆمەڵگای شار و دێ و سەرنج بدرێتە ئەم وردەکارییانەی کە کەمتر دەدیترێن.

لەم سۆنگەوە دیارە دەبێ ئێمە لە گەڕەک و گوندەکان دەست بە فەرهەنگسازی دیموکراسی بکەین و لە گوند و گەڕەکدا مەکینەی پێشکەوتن هەڵبکەین. یەکێک لەو کارانە گۆڕینی سیستەمی تاکگەرای موختار هەیئەتی ئیختیاریش لە گوندەکاندا هەیە و مامۆستایانی گوند و ئیمامی مزگەوت ئەندامانی هەمیشەیی ئەم هەیئەتەن و ئەندامانیتر بە هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی ئەم هەیئەتە. هەروەها لە ولاتی ئێران شورای دێهات هەیە کە بە هەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێن. بەڵام لە عێراقی بێ ڕیشەدا سیستەمی ئیداری گوند و گەڕەک هەمان سیستەمە کۆن و چەقبەستووەکەی عوسمانی حاکمە. بەداخەوە بەشێکی زۆری سیستەمی ئیداری هەرێمی کوردستانیش وەک دەوڵەتی عێراقی ساختە نەگۆڕدراوە. بۆ نمونە هێشتا لە گوند و گەڕەکانی کوردستان یەک موختاری خاوەن ئیختیار هەیە. بۆیە ئەگەر بیر لە گەشەسەندنی لادێ بکەینەوە دەبێ سیستەمی ئیداری شار و گوند بەڕۆژ بکەینەوە. لێردا یەکەم هەنگاو بۆ پەڕدان بە گوندەکان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندی ئیداری گوند و دەوڵەت دەبێ لە ڕێی دروست کردنی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی دێهات بێت. بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا ئەم سیستەمە خۆی نەگرتووە و لاواز و کزە. لە گوندەکان لە بری ئەوەی ئەنجومەنی دێهات هەبێ پشت بە یەک موختار بەستراوە. لە کاتێکدا موختارێک بۆ سیستەمی دیموکراسی و ولاتێکی گەشەسەندوخواز نەگونجاوە. چارەسەری ئەم گرفتە ئەوەیە کە لە گوندەکانی کوردستان جگە لە موختار ئەنجومەنێکی دێهات بە هەڵبژاردن دابمەزرێت و میکانیزم و یاسای تایبەتی بۆ دەربکرێت و پەیوەندی گوند و گەڕەک لە گەڵ شارەوانی و ناحیە و قایمقامیەتەکان بە دیدگای تۆکمە کردنی دیموکراسی و بڕۆکراسی ڕێک بخرێتەوە. هەروەها دامەزراوەی شارەوانی کە دامەزراوەیەکی نیوە دەوڵەتی و نیوە حکوومیە و دەبێ زۆر بەهێز بێ و تەنانەت بەهێزترین یەکەی ئیداری شارێک بێت، ڕەنگێکی کاڵ و خەفەی هەیە. بۆ چارەسەر کردنی ئەم سیستەمە ئیداریە باڵ کراوە دەبێ یاسا کۆن و بێکەڵکەکان بگۆڕدرێن و سەر لە نوێ سیستەمێکی نوێی ئیداری و بڕۆکراسی دابنڕێتەوە. بە داخەوە هەندێک کەسی یاسامەند کە میشکێکی یاسایی و لە قالب دراو و ئەندازیاریان هەیە، هەر زار هەڵدێنن و دەڵێن ئاخر قانون وادەڵێ. لە کاتێکدا زۆرێک لە قانونەکان هەڵەن و لە گەڵ ئامانج و دۆخی سیاسی نەگونجاون، دەبێ ئەم قانونانە بگۆڕدرێن و لە گەڵ دۆخی سەردەم و ئامانجەکان هاوتەریب بکرێن. بێگومان ولاتە تەنها بە یاسا ناسەکان هەڵناسورێت و دەبێ سوکاندارانی ولاتە کەسانی سیاسی و موەیر و کۆمەڵناس و ئابووری نا سیاسی گەشەسەندووگەرا بن.

هیوادارم کابینەی نوێەم کابینەی گەشەگەرا بێت و لە بچوکترین دامەزراوەدا ڕیشەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بچێنێ. یەکێک لەو کارانە گۆڕینی سیستەمی ئیداری گوندە و پێویستە لە گوندەکان لە جیاتی موختار و مۆرەکەی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی گوند دابنرێت. هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی ورد و بە خوێندنەوەیەکی چەند لایی بەشێکی یاساکان کە پەیوەندییان بە سیستەمی ئیدارەوە هەیە بگۆڕدرێن. بۆ وێنە پێویستە بۆ دانانی بەڕێوەبەری ناحیە پێوەری یاسازانی وشک و چوارچێوەدار بگۆردرێت و پێوەری دانانی بەڕێوەبەرەکان جگە لە بواری یاسایی، موديريەتی شار و سیاسی بوون و فەرهەنگناسی و کۆمەڵناسی و گەشەسەندن و بیرتیژی بێت. پێویستە بەڕێوەبەرێکی ناحیە و قایمقامێک لە جیاتی یاسازانێن و میشکی هەندەسی، دەوڵەمەند بێت بە زانستی بەرنامەدانانی شار. بە هیوای ئەو ڕۆژەی دەوڵەتی کوردستان لە یاسا سستەکانی عێراقی سست چەک بکرێت و بە یاسای نوێ و پێشکەوتنخوازانە پرچەک بکرێت.

*** بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان.**



سوورە مەرگەیی

پەکەکە و فەلسەفەی بە دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پەکەکە وەک حزبێکی کوردی کە هەڵگری گەورەترین دڕووشمی خەیاڵییە و لە هەر بەشێکی کوردستان چەندین کلک و باڵی سەر بەخۆی دروست کردووون، زۆر خراپ کەوتۆتە ناو گەمەیەی دەزگا هەواڵگرییەکانی داگیرکارانی کوردستان و هەر ڕۆژە و بە جۆرێک دژی ئامانجە نەتەوەییەکان و خواستی سەربەخۆیی کردستان هانی دەدەن و گۆنگەڵێکی سیاسی پێ ساز دەکەن.

پەکەکە تا ئێستا نەیتوانیوە گوندێک یان لوتکەی چیایەکی باکوور ئازاد بکا و لەو ناوچانە حەواوەتەوە کە بە خۆێنی پێشمەرگە و خەباتی نەپساوەی کوردانی باشوور ئازاد کراون، کەچی دۆزمنایەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێم و ئەزموونی باشووری کوردستانی پێش دۆزمنانی کورد و هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستان خستووە و ڕوون و ئاشکرا دەڵێن: دژی دەوڵەتی کوردین و لە هەر بەشێکی کوردستان دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ بە گژیدا دەچینەوە.

پەکەکە پڕۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێش پڕۆسەی ڕزگاری نیشتیمانە داگیرکراوەکی و ئازادی گەلە ژێردەستەکەی خستووە و بانگەشەی ئەوەش دەکات: لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیموکراتەوە کورد ڕزگار بکات، لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەیدانی بەربەککەوتنی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ولاتانی زلهێزی وەک ئەمەریکا و ڕوسیا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپایە، ئەوە جگە لە بەرژەوندی ولاتانی ناوچەکە و لە ناویشیاندا بەرژەوەندی هەر چوار داگیرکارەکەی کوردستان.

ئەو دڕووشمەی پەکەکە بۆ حزبێک کە ولاتەکەی دابەشکراو و داگیرکراو و گەلەکەشی ژێردەستە و چەوساوەیە و تا ئێستاش نەیتوانیوە هیچی بۆ بکات، بە تایبەتیش لە ناوچەیەک کە سەرچاوەی کلتووری تیرۆر و تووندڕەوی نەتەوەیی و سەرەڕۆیی ئایدۆلۆژیە، نەک خەیاڵی و ئەقلانی نییە، بەڵکو بۆ ولاتێکی زلهێزی وەک ئەمەریکا و ڕوسیاش خەیاڵی و ئەقلانی نییە.

ئاخر پەکەکە بەو فەلسەفەی هەڵیگتروە تا ئێستاش نەیتوانیوە تورک و عەرەب و فارس دەستبەردای کوردکوشتن بکات، یان لانی کەم وا بکات واز لە کلتووری پاوانخوازی نەتەوەیی و تووندڕەوی ئایدۆلۆژی و خواستی تیرۆریستی و سەربڕین بێنن و فێری پێکەوەژیانیان بکات، چۆن دەتوانێ هەموو بەرژەوەندیە ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لە نێو ئەو دڕووشمە خەیاڵئامێزەی خۆیدا کۆ بکاتەوە؟!

پارتی بوون زور شتی پێ بەخشین و زۆر شتیشی لێ سەندین



مستەفا قایتەرەنی/ لەندەن

پارتی بوونم لە ویست و ئیرادەی خۆم نەبوو، وەک چۆن زۆر بەی خۆشی و ناخۆشیەکان ویستی خۆمان نیە، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو خێزانە گەورە یە بوو لە دوای خانە وادەکەم بووم بە ئە ندامێکی و هەست ناکە م تەمەنی ئەندامێتیم لە ناو پارتی بۆ چی مێژووەیەک دەگەڕێتەوە بەڵام دڵنیام، کە مێژووەکە لە تەمەنی من زیاترە کە خەونەکانی مندااڵی و لاوێتیمانکرد بە قوربانی بەردەوام بوون بە ڕێبواری ئەم ڕێگایە.. هتد.

پارتی فێری سەربەستی وخۆڕاگری و فەلسەفەی ژیانی خۆ بەختکاری کردین، فێری ئەزمونێکی خەبات و تێکۆشانی کردین، کە خزمەت کردن گران بێ ، خیانەت نەکردن ئاسانە، لە مێژووی پارتی هەورازونشێوی زۆر بووە ئە وە ندە ی من بیرم بێ، بەڵام سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونی زۆریشی هەبووە لە هە ردوو ئاڕاستەکە من و بنەماڵەکەم شەرەفی بەشداربوونمان هەیە و خۆمانی لێناشارینە وە و شانازیمان وەیە ر دەکەوێ ، وە ک ئە ندامێکی سادەی پارتی خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە هە ر ئاڕاستەیەک کە پارتی بیگرێتەبەر ، هە ر بۆیەش ئە مڕۆ 73ساڵ تێ دەپەڕێ بەسەر دامەزراندنی پ د ک وێڕای پیرۆزبای لە جەنابی سە ڕۆک و خانە وادە ی شەهیدان و ئە ندامانی پارتی هیوادارم خەونە گەورەکەی کورد لە سەر دە ستی پارتی بێتە دی چونکە (پارتی بوونمان زۆر شتی پێ بە خشین و زۆر شتی تریشی لێ سە ندینەوە)!.

پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای تەمەنێکی مەزن وپڕ ئەزموونی هێشتا پتەوەو هێزی تیا ماوە بەئاڕاستەی نوێ بوونەوەو دادپەروەری و پێکەوە ژیان هەنگاو دەنێت، پارتی ئەو هێزەیە توانای گۆڕینی شکستی بۆ سەرکەوتن هەیە.

لە دوو ڕێیانی سەرکەوتن و کۆتایش نزیکین بۆیە پارتی پێویستە خۆی بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکات کە بۆ ئەم مەبەستەش لە ئامادەباشیدایە، قۆناغێکی تری پڕ لە هەوراز و نشێوی لە پیشە مەرجیشە لەمەوپاش بارودۆخێکی نوێ بێتە پێشەوە پارتی هەمان ڕێزی سیحراوی هەبێت بە ئاڕاستەی گۆڕینپێڕەوەکان چونکە پارتی لە نوێبوونەوەی بەردەوامدایە. باشترین هەنگاوی بەپەلەی پارتی ئەوەیە ناوخۆی خۆی ڕێک و کۆ بکاتەوەو بەتۆکمەی لەگۆڕەپانی کوردستان ڕابوەستێ تا بتوانێ لەگەڵ هێزو لایەنەکانی تر پشتیوانی حکومەتی تازە دروست بوی کوردستان بێت و بۆ ئەو قۆناغە ئامادەترین، کە پڕە لە شەپۆلی بەهێز بەهێز بۆ ئەم مەبەستەش ئەم کەشتیە بە ئەزموونەی ناوی پارتییە هێشتاپێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی سەردەمییانە هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سوود لە ئەزموونی دەوڵەمەندی ڕابردووی وەربگرێت.

بۆ گەیاندنی کوردستان بە هەوار



د.خاتوونزین بەرزەنجی

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کوردستان پێک هاتووە لە سەرۆکی هەرێم کە گەورەترین و بەدەسەڵاتترین جومگەی حکومڕانیە، ئەویش جەنابی سەرۆک نێچیروان بارزانییە. جەنابیان جێگری سەرۆکی پارتیشن کە بە بەهێزترین وزۆرترین قەبارە حیزبی سیاسی لە باشوردا دادەندرێت.

دووەم دەسەڵات، سەرۆکی حکومەتە، کە بەرێز کاک مەسرور بارزانییە، ئەویش لە هەموو کابینەکانی پێشوو هاوکاری حکومەت بووە و هەموو کات ئارامی شار و گوندەکانی کوردستانی بەگیان و بە دڵ پاراستووە. ئێستا کاتی سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سیاسییە کە حکومەتی کوردستان لە ماوەی سی ساڵەی تەمەنی هەوڵی بۆداوە.

یەکگرتنی سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان و فریو نەخواردن بەدەستی دوژمنە، چونکە هەموو کات، هەندێک کەسی خائین و چاوبرسی هەن، کە هەڵەکان دەقۆزنەوە، هەوڵدەدەن بۆ لەناو چوونی یەکگرتنی کوردان و دابەشکردنیان بۆ چەند بەشێکی بچووک کە دواتر ئاسانتر دەتوانن لەناویان ببەن یان بەکرێیان بگرن. بۆیە لەم قۆناغە دژوارە، چواردەورمان، دیسان لە بۆسەدایە بۆمان، کە ئێمە چۆن پەرتەوازە بین تابتوانن بە ئاسانی ماسی لە ئاوی لێل بگرن.

ئێستا ئەو کاتەیە کەکورد نابێت بیر لە ناکۆکی ناو خۆی بکاتەوە، بەڵکوو دەبێ تەنها بیرو هۆشی زاڵ بوون بەسەر دوژمن بێت و چەسپاندنی مادەی 140، کە مادەیەکی دەستوریە، و دەبێت بەغدا پەیوەست بێت پێوەی.

سەرۆک مەسعود بارزانی، رووبەرووی گەورەترین هەڵوێستی دژایەتی بووەوە، تەنها لەبەر ئەوەی داوای مافی گەلێکی بەش خوراوی کرد، کە بەپلانی سایکس بیکو سەدساڵ لەمەوبەر کوردی دابەشکرد بەسەر چوار وڵات، ئەو وڵاتانەش لەرۆژی داگیر کردنی کوردستان، هەوڵیاندا بۆ قەڵاچۆکردنی کورد و لەبەین بردنی بە درێندانەترین شێوە، هەر بۆیە دەستیان کرد بە ئەنفال و کیمیاباران کردن و بەسوخەبردنی گەنجان مان. لە باکوور قوتابخانە دەسوتێندرا کەپڕ بوو لە منداڵی کورد، لە رۆژهەڵات زمان و کولتوری کوردی تا ئێستاش قەدەغەیە لەخوێندنگاکان، هەروەک لە رۆژئاواو و باکووریش وایە. جابۆیە کورد دەبێت هەوڵدا لەناوخۆ بەهێزتربێت، چونکە هیچمان دەست ناکەوێت لەدژایەتی کردنی یەکتری.

دوێنێ و پێرێ، لە سەماوە کە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوەمان هەڵدەداوە، ئێسک وپروسکی گەنج ومنداڵ وپیری ئێمەبوو، کەچی ئالای کوردستانیان ،پێ رەوا نەدەدیتین لەسەر رووفاتی شەهیدانمان بشەکێتەوە، سەرەڕای ئەوەی مافێکی دەستوریە، لە عێراق رێگا پێدراوە.

ئەوەش دەگرێتەوە سەر ئەو هۆکارانەی کە ئێمە لەناو خۆی کوردستان بەهێزنین و بە چەندین رەنگ لەگەڵ دراوسێکانی کوردستان مامەڵە دەکەین، کەپێویستە لەمەو بەدوا تەنها نوێنەری حکومەت لەگەڵ کۆمپانیا و سەفیرەکان ودەوڵەتانی دراوسێ راوێژبکات، نەک هەر ڕۆژی لەکەلێنێک کۆبوونەوەی نهێنی بکرێت، بەڵکو دەبێ هەموو کۆبونەوەکان، بە ئاشکرای بێت، مەگەر ئەوانەی تایبەتن بە ئاسایشی وڵات. برالە پشت برابێت مەگەر قەزا لای خوا بێت.

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



مامۆستا 6
مامۆستا
مامۆستا
مامۆستا

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٠٣٦٥٣ بەروار ٢٠١٧/٥/٩ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ دینار بەناوی سرباز حمد حامد وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پێناسی فەرمانبەری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی- بەناوی (شەونم انور احمد)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٢١٩٠٤٤).

***

ون بوون

پسوولەیەکی شارەوانی ٤ هەولێر کە ژمارەی پسولەکە ٠٦٨٦٢٤٥ بەبری ٢٥٠,٠٠٠ دینار بەناوی عبدالقادر اسعد مام رش ون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

نوسراوی گومرگی حاجی عمران بەناوی کۆمپانیای ئەردەلان عبدالقادر عبدالحمید جۆری ئۆتۆمبێل شوفل و حفارە مشترك JCB اوتوماتیك شوفل بچووك رەنگی زەرد مۆدیلی ٢٠١٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٣٢٧ کاتی هەولێر ژمارەی لاشە شانصی JCB٣٢x٤TP٨١٣٤٢٢٠٠ ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

****

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٧٧٩٠ بەروار ٢٠١٨/٨/١٢ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی امیر احمد حمە شانە وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان هۆبەی خوێەتی
ژمارە/٨٤٢٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
ئاگادارکردنەوە

بۆ بەڕێز/ سەرگوڵ حسن قادر/ بەناونیشانی بەڕێوەبەر لەسەر میلاکی زانکۆکەمان/ ب.
سەرچاوە مرۆییەکان

بەهۆی دابرانت لە کار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٧ لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەر کار بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بە پێچەوانەوە بە دەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بە راژەکەت دێت.
پ.د. احمد انور دزەیی/ سەرۆکی زانکۆ

***

ئاگادری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەلدەستێت بە کڕیدانی رووبەری ٢٦٤٧٨,٧م٢ لە پارچە زەوی ژمارە ٤١/ك/١ قەریتاغ دەکەوێتە تەنیشت سایلۆ بەمەبەستی دروستکردنی کۆگا بۆ ماوەی ٢٠ بیست سال بە زیادکردنی ناشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە ٥ی سالی ١٩٨٦ جا هەرکەسێك نارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری هەولێر بدات لە مامەی ٣٠ سی ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی ٢٠٪ یەدەگی پێبێت لە بری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ٦٠٦/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی لە ڕێگەی زیادکردنێکی ئاشکراوە هەلدەستێت بە فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار ئەویش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز توانا دارا حسین بەبری ٣٠٦,٠٠٠,٠٠٠ سێسەد و شەش ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە. جا هەرکەسێك ئارەزوی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات لە ماوەی ١٠ دە ڕۆژدا کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی ئەنجام دەدرێ لەم بەڕێوبەرایەتیە. ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچێ دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار، هەرکەسێك بەشداربوو لە زیادکردنەکەدا پێناسی باری شارستانی و جنسیەی عێراقی لەگەل خۆیدا بهێنێ.

تێبینی/ ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە کەوتە پشووی ڕەسمیەوە زیادکردنەکە لەڕۆژی دواتردا ئەنجام ئەدرێت. هەرکەسێك ئارەزووهی بەشداریکردنی هەیە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا تا کاتژمێر ٩:٠٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات بۆ دانانی تامینات بەبری ١٠٪ی نرخی خەملێنراوی پشکەکانی کۆمپانیا.

زانیاری لەسەر پشکەکانی کۆمپانیای نامی
داواکار/ توانا دارا حسین

داوالێکراو/ کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و بەرهەمهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار کۆمپانیاکە تۆمارە لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی جۆری کۆمپانیاکە سنووردارە بری پشکەکانی ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن پشکەکە تۆمارە بەناوی فاتح احمد غفورەوە نرخی خەملێنراوی کۆمپانیاکە بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە کۆمپانیاکە لە سالی ٢٠١٤وە پارەی محامی و ژمێریار و باجی نەداوە، شارەزا نرخی پشکەکانی ئەم کۆمپانیایەی بەبری ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار دیاری کردووە.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ١٠١٨/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن فاتح احمد غفور
بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئەزمیر
بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار سەرەڕای کارەکەت

ئاگادارت ئەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بریاری دا بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر پشکەکان و ئامێرەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار . ئەمەش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بەبری (٣٨,٧٦٠,٠٠٠,٠٠٠) سی و هەشت ملیار و حەوت سەد و شەست ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لەشرحی پێراگەیەنەری دادی و موختاری گەرەکی رزگاری تازە کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ماوەی ١٥ پانزە ڕۆژدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ و بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەت بە دانانی حیجز لەسەر ئامێر و پشکەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/سنووردار کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بە پێچەوانەوە بەپێی احکامی مادەی ٦٩ لە یاسای جێبەجێ کردن ئامێرو پشکەکانت دەفروشرێ.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی ڕاپەرین
بەشی بەدواداچوون
ژمارە : ١٣١- ت - ٢٠١٩
ڕێکەوت : ٢٠١٩ /٨/٨
ئاگاداری
بۆ/ سۆڵاف محمد مصطفی
ئاگادارببوون

داوات لێ دەکەین کە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بڕی (٤٦,٤٣٠,٤٠٠) چل و شەش ملیۆن و چوار سەدو سی هەزارو چوار سەد دینار وەکو قەرز بۆ داواکاری جێ بەجێ کردن (ارسلان احمد ابراهیم) بە پێی بریاری دادگای بەرایی رانیە ژمارە (٧٢- ب - ٢٠١٨) کە لە (٢٠١٩/٧/٨) دەرچووە بەپێچەوانەوە بریاری ناوبراو بە زۆر جێ بەجێ دەکەین .
جێ بەجێ کاری داد/ نازدار مام رسول امین

***

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Mechanical Technician
Direct Supervisor	Mechanical Supervisor
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job reference: MT/M/Aug/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Executes all mechanical planned and corrective maintenance activities on Khormor installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes a multi-tasking role in order to assist the Production Operations group in field activities and will be involved with troubleshooting, fault finding and repair of all stationary and rotating equipment. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Mechanical

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Participates in all mechanical maintenance activities at Khormor LPG recovery plant.
2. Understand technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
3. Understand Khormor's maintenance strategy and philosophy and participates in the development/ implementation of condition monitoring procedures/routines.
4. Applies for work permits, understands and implements the permit conditions prior to commencement of work.
5. Assist in the development of risk assessments, participates in safety and toolbox meetings.
6. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
7. Promotes HSE culture.
8. Utilize troubleshooting skills to solve mechanical and related problems both independently and in liaison with other departments.
9. Supervises third party inspections, where applicable.
10. Possess knowledge and understanding of static and rotating equipment.
11. Assist in the development and implementation of procedures and work instructions for the completion of mechanical related tasks.
12. Checks the functionality of equipment and measuring instruments.
13. Conversant with CMMS including preparation of material requisition and work order management and materials and warehousing.
14. Communicates with vendors and supply chain for technical support.
15. Assists in mentoring, training, and appraising maintenance personnel.
16. Ensures that plant and equipment is maintained according to compliance and integrity standards in order to meet expected reliability and 'uptime' Key Performance Indicators.
17. Liaises closely with Operations, Maintenance and Engineering teams in activity planning, MOC development and cost control.
18. Ensures that all activities are accurately recorded in the maintenance management system, providing all necessary reports.

Crescent Petroleum

19. Reports to the Mechanical Supervisor –on all issues relating to mechanical department.
20. Identify/suggest ideas to improve performance within Mechanical department.
21. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.
22. Supports on job training programs to enhance essential competencies and behaviours to allow development.

Decision–making Authority

Working and Other Relationships

Mechanical Supervisor	Frequent/daily
Maintenance Superintendent	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Mechanical Diploma qualification.

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas and/or related industries. Preferred candidate with experience in natural gas engine and hands on experience working on static equipment.

Supervisory Responsibility

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair static and rotating equipment.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good communication skill in English (spoken & written) • Commitment to continuous improvement. • Experience in OJT. • Time management • Problem solving skills	• Able to react in case of emergencies in order to assure that the safety is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work.	• Knowledge of static and rotating equipment as it applies to oil and gas industry. • Maintain and improve mechanical static and rotating equipment availability and reliability. • Authorized as performing authority in Permit to Work (PTW) system. • Demonstrate Leadership skills. • Good working knowledge of MS office.

Crescent Petroleum

		• Analytical skills to identify and resolve mechanical related problems • Awareness of emergency response plans. • Working knowledge of computerized maintenance management systems (such as Maximo) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Experience of working with various types of rotating equipment including pumps, compressors, power generation packages and related systems. • Fully experienced in working with safety basic understanding of local safety management legislation

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 28 August 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Mechanical Technician, Ref: MT/M/Aug/19)

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ٥٢٨/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ سەرتیپ احمد رسول
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٣٩٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیە کە تایبەتە بە بنکەی پولیسی رانیە وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پولیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٢١٣/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٢٠١٩/٨/٦
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (لیلی قادر کاکە) دانیشتوی شاری کۆیە- گەڕەکی زانکۆ بەڵام ئیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
هاوسەرەکەت (شێرکۆ عمر عباس) داوای لەسەرت تۆمار کردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٢١٣/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای کردووە ئەم تەڵاقەی بۆ پەسەند بکەین کەلە دەرەوەی دادگا دەرحەق بەتۆ لەرێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣٠) خستوویەتی وە بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە دەرکەوت شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا، پشت بەستن بەمادەی(١/٢١) لەیاسای دادبینی کردن ژمارە(٨٣)ی سالّی (١٩٦٩)ی ڕاستکراوە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبون لەرۆژی دادبینی کردن ئەرێکەوتی(٢٠١٩/٨/٢٨) بەپێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە ساغ دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد /٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٨/١٨
اعلان
تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
الی / المدین : دوغان وضار (DOGAN UCAR)
العنوان السابق / مجهول محل الاقامة
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا علیه بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق النشر في صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩) بمبلغ قدره (٨,٥٦٨,٠٠٠ دینار) ثمانیة ملایین وخمسمائة وثمانیة وستون الف دینار عراقي مع رسم التحصیل . وبعكسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة (١٥) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
المنفذ العدل / لقمان سامي جمیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٢٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) قێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٢ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (سامح نائف محمد) بریاردا ب چەسپاندنا رەچەلەك (اثبات نسب) یا کوریّ تە (سامح) ل سەر ناڤێ تە وەك دەیك واسماعیل نائف محمد وەك باب وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٣١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (اسماعیل نائف محمد) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٧٩٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (روشین احمد کوچر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٥ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (خیری محمد عبدالله) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / شکر سلگان عدو
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ٢٢٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (محمد خضر علی ثلاج) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە رۆژی ٢٠١٩/٨/٨ لە داوای ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران پارێزاران (برکات عمر داود ومسعود سلیمان حسن) ب دانا پارەی ماندییونێت پارێزەری ددواا ژمارە ٥٩/جنایات/٢٠١٦ ل دادگەها تاوانا دهوك/١ کو تو تاوانباربوی ددواا نافبری دا کوژمێ (٢١٠٠٠٠٠٠) بیست ویەك ملیون دینار لدیف پێکهاتنا هاتیە کرن دنافبەرا هەوە ل روژا ٢٠١٢/٨/١٥ دکەل ماندییونێت پارێزەری داواکاران ل داوا ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجێبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندێ کێلکێ ل قەزا سمیل ل روژا ٢٠١٩/٨/١٨ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو روژنامەی ناوخۆ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣١٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (زینب جمعه احمد) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری پەسندکرنا تلاقا دەرەکی ئەوا رویدای ل ٢٠١٩/١/٥ (تصدیق طلاق خارجی) تەو داواکار (زانا حسن سلیمان) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر ودەستە کا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها فایدە ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد /٨٠٨/ت/د/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East)
م / تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
علیك الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٨٠٨ /ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (١٢٩٥٤٠٠٠)مائة وتسعة وعشرون ملیون وخمسمائة واربعون الف دینار عراقي فقط ونظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ علیه قررنا تبلیغكم عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین رسمیتین للحضور امام مدیریتنا او ارسال من ینوب عنكم وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونیة بحقكم بعد مرور الفترة القانونیة (١٥) یوما
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٢٨٩/ت.د/٢٠١٨
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East)
م / تبلیغ بالحجز
نظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ قررت مدیریتنا بتبلیغكم بمذكرة الاخبار بالقرار الحجز التنفیذي للاموال المنقولة عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین ونخبرك بانه قررت مدیریتنا بوضع الحجز على المواد الغیر الصالحة للاستعمال (السكراب) لقاء الدین المحكوم به والبالغ قدرها (٥٦٩٠٩٠٠٠) ستة وخمسون ملیون وتسعمائة وتسعة الف دینار عراقي فیجب علیكم اداء المبلغ المحكوم والمذكور اعلاه خلال (ثلاثة) ایام من الیوم التالي للتاریخ النشر تبلیغكم بهذه الاخبار بالحجز وبعكسه سوف یباع المواد المحجوز المذكور اعلاه بالمزایدة وفق المادة ٦٩ من قانون التنفیذ
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٩٢/١ مقاطعة ٨٨ اشكفتة مغارة في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة عشرة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری شارع الرئیسي امام (سەیرانگەها ناکریّ) المساحة ٤٠٠ م٢ الجنس ملك صرف تجاري القیمة المقدرة (٣١٢٠٠٠٠٠٠) ثلاثمائة واثنا عشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٢٤٠٣/١ مقاطعة ٨٩ شیوه كور المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری ١١ أیلول المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ملك صرف (دار سكنى) متكون من طابقین القیمة المقدرة (١١٠٠٠٠٠٠٠) مائة وعشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٧/٢٠٦٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
٢٠١٩/٧/٢١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
***
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٦٩١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/١٣٢
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: عریف/ سرمد صباح عمر محمد
ناوی دایکی/ سلوی محمد
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧.
٢- سزادانت بەبەندکردن السجن بۆ ماوەی ٦ شەش سالّ بەپێی بەندی ٣٥ یەکەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی لەکاتی هەڵاتنت چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- ئەو تاوانە بە تاوانی ئابرووبەری (مخیلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٧- گشتاندنی بەدەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) بکرێت بەپێی یاسا.
٨- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٩- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
١٠- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ بە بڕیاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- ئەو تاوانە بە تاوانی ئابرووبەری (مخیلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٧- گشتاندنی بەدەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) بکرێت بەپێی یاسا.
٨- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٩- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
١٠- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ و

بەکارهێنانی ئاژەڵەکان لە دەستەواژەی سیاسییدا



د. عەمار عەدلی حەسەن

زۆر جار ئاژەڵەکان لە داتاشینی دەستەواژەی سیاسی بەکاردەهێندرێن، وەکو پڵنگەگانی ئاسیا، ورچی ڕووسی، ئەژدیهای چینی، مراوی لەنگ، گورگە تاکەکان، ئەسپی ڕەش، مانگای پیرۆز، کۆترەکان و هەڵۆکان. دەستەواژەی مراوی لەنگ، بەو حکوومەتە دەوترێت، کە ماوەی مانەوەی لەدەسەڵات لە کۆتاییدا بێت، بەمەش قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە و خەڵکی بە چاوی ڕاییکردنی کارەکانی حکوومەتی داهاتوو سەیری دەکەن، کە تازە هەڵبژێردراوە و دەسەڵات دەگرێتە دەست. بەڵام بنەچەی ئەو گوزارشتە بۆ وەسفکردنی سەرۆکی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، کە لەمانگی تشرینی دووەم ماوەکەی تەواو دەبێت، بەڵام دەبێت لە کۆشکی سپی بمێنێتەوە، تاکو ئەوەی دوای خۆی لە مانگی کانونی دووەمی داهاتوو دەسەڵاتەکە وەردەگرێت، هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر سەرۆک لە ماوەی سەرۆکایەتی دووەمیدا بێت، یان لە جەنگی مانەوە لە پۆستەکەی بۆ جارێکی دیکە دۆڕابێت.

هیچ دەرفەتێکی بردنەوەی هەبێت. بەو پاڵێوراوە دەوترێت، تاقیبکەری ئەسپەکان، کە پێی وایە داکۆکی لە نەیارەکانی دەکات و لەنێو یەک پارتی سیاسی یەکیان دەخات.

ئەژدیها، کە نازناوی چینە، ئاژەڵێکی ئەفسوناوییە، سەری وشتر، گوێچکەی مانگا، قۆچی ئاسک، ملی مار، سکی ماسی سەدەفی، چرنوکی هەڵۆ، ناولەپی پڵینگ، پوولەکەی ماسی شەبووت، قەپێلکی چڕ و چاوی خەیاڵکەری ئەهریمەنی هەیە. ئەژدیها، پێگەیەکی قوولی لە ویژدان، کولتوور و دەروونی چینییەکاندا هەیە، شوێنێکی پێشکەوتووشی لە ئەدەب، هونەر و بیناسازیاندا هەیە، ناوی بووەتە هاوشانی چین، وەکو هێزێکی جیهانی گەورە لە ئەدەبیاتەکانی سیاسی و ئابووریدا، کە بەچەندین زمان دەنووسرێتەوە، هەموو سیفەتێکی چەسپاو بەو ئاژەڵە ئەفسوناوییە، بۆ وڵاتی چین دەگەڕێتەوە، لە خواستراوێکی پڕ مانادا.

دەڵێن ورچی ڕووسی، ئەو وەسفکردنە تەنیا لەبەر ئەوە نییە، ئەو ئاژەڵە تەنیا لە سەر خاکی ڕووسیادا هەیە، بەڵکو هێمای ورچ لێرەدا، بۆ هێز دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو ورچانەی لەوێنەدەر دەژین، گەورە، چرنوک تیژ، توند و بەتوانان لە ڕاوکردنی نێچیرەکان بە ئاسانی، هەندێک ئەو ناوە بۆ وەسفکردنی ڕووسیا بە، دوژمنکار، دەسەڵاتدار و ستەمکار بەکار دێنن.

پڵینگەگانی ئاسیا، بە کۆمەڵێک وڵاتی ئاسیا دەوترێت، کە ئاستی بەرچاویان لە گەشەکردنی ئابووری بەدیهێناوە و بەرنامەی گەشەپێدانیان لە چوارچێوەی ئابووری بازاڕ لە خۆگرتووە، ئەو وڵاتانەش لە چەند پڵینگێکی پێگەیشتوو پێکهاتوون کە ئەمانەن، هۆنگ کۆنگ، ژاپۆن، کۆریای باشوور و تایوان، هەندێکیش لە قۆناغی بەچکەیی ڕەتیان داوە وەکو، ئەندۆنیسیا، مالیزیا، تایلەند و چین. پێشتر دەستەواژەی پڵینگ، لە هەندێ ئەدەبیات و پێش جەنگی سارد، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەوترا، سۆڤیەتەکان وێستیان لە بەهێزییەکەی کەم بکەنەوە، بۆیە ئەو دەم بە پڵینگی سەر کاغەز وەسفیان کرد.

لەوانەیە هیچ دەستەواژەیەکی هێماسازی لە مێژووی تیرۆر، لە گورگە تاکەکان پڕ ماناتر نەبێت، کە لەگەڵ تیرۆریستەکانی ئەم دواییە، مەبەست لێی، کەسانی کاریگەرە بە هزری ڕێکخراوی داعش، یان ئەوانەی سەر بەون، کە بە نهێنی کردەوەی تیرۆریستی لێرەو لەوێ لە هەندێ وڵات ئەنجام بدەن، پاشان خۆیان ڕابگەێنن، یان قورقەپی لێ بکەن و ئەو ئەرکە بۆ ڕاگەیاندنەکانی ڕێکخراوەکە جێبێڵن، کە پشتیوانی لەو جۆرە ڕووداوانە دەکات، یان دەیخاتە پاڵ خۆیان، لە چوارچێوەی هەوڵی بۆ گەورەکردنی هێزەکەی، بۆ ڕاکێشکردنی کەسانی دیکە بۆ چوونە پاڵی، یان داو بۆ نەیارەکانی دانێتەوە و گوشاریان بخاتە سەر، یان هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی بهاوێت.

هەرچی کۆترەکان و هەڵۆکانە، گوزارشتێکی خواستراوە لە جیهانی بااڵندەکاندا، میانڕەوەکان بە کۆتر وەسف دەکرێن، تونددڕەوەکانیش بە هەڵۆکان، تیمی یەکەم وا خۆیان پیشان دەدەن، چاکی، ناسکی و نەرمی کۆتریان هەیە، هەرچی تیمی دووەمە، خۆیان وەکو بریندارکەر و هەڵکوتکەر پیشان دەدەن، کە بە شتی کەم ڕازی نابن.

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیش، بۆ سەردەمی جەنگی سارد دەگەڕێتەوە، کە هەڵوێستی دوو تیم لە سیاسەتکارانی ئەمەریکامان، لە مامەڵەکردن بە باشترین شێوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی داڕماو بینی، یەکەم بەکارهێنانی هێزیان پێ باشبوو، دووەمیش نواندنی نەرمی و ئاشتەوایی.

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە، لە وەسفکردنی سیاسەتی چەندین وڵات بووەتە شتێکی باو، کە لەوانەیە بە ڕاستی ئەو جۆرە دابەشبوونەیان تێدا بێت، لەوانەشە تەنیا جۆرێک لە دابەشکردنی ڕۆڵەکان بێت.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae



ئاڵای وڵاتان



شانشینی ئوردن

ڕەنگی ڕەش هێمایە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عەباسی و ڕەنگی سپی بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و ڕەنگی سەوز بۆ سەردەمی دەوڵەتی فاتمی و ڕەنگی سووریش وەک ئاماژەیەک وایە بۆ ئاڵای خانەوادە گەورەکانی مەککە لە ئال هاشم . ئەستێرە سپیەکەش هێمایە بۆ سورەتی فاتیحە لە قورئانی پیرۆز.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1963:
لە واشنتۆن مارتن لوسەر کینگ وتارە بەناوبانگەکەی بەناوی (خەونێکم هەیە)پێشکەش کرد .



ساڵی 1984:
معەمەر قەزافی سەرۆکی پێشووتری لیبیا بەردی بناغەی ڕووباری دەستکردی گەورەی لە لیبیا دانا.



ساڵی 1990:
دوای داگیرکردنی لە 2ی ئاب، عێراق ڕایگەیاند کە کوێت پارێزگایەکی عێراقیە .



ساڵی 1992:
ئێران دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دوورگەی ئەبوموسادا سەپاند .



ساڵی 2007:
لە خولی سێیەمی دەنگداندا، پەرلەمانی تورکیا عەبدوڵا گولی وەک سەرۆکی وڵات هەڵبژارد .



ساڵی 2018:
حکوومەتی پۆرتۆریکۆ ڕایگەیاند کە ژمارەی قوربانیانی باوبۆرانی ماریا 2.975کەس بووە.

www.xebat.net
ژمارە (5815) 2019/8/27 سێ شەممە

سەرانی G7 ماکرۆنیان راسپاردووە نامەیەکی هاوبەش بە بەرپرسانی ئێران بگەیەنێت



ئا: خالید گەردی

سەرەڕای ئەوەی ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ، کە وڵاتەکەی ئێستا میواندارى دانیشتنەکانی کۆمەڵەی حەوت لە بیاریتز دەکات، رەتی کردەوە سەرانی کۆمەڵەی حەوت ئەویان راسپاردبێت لەپێناو کەمکردنەوەی بارگرژی ناوچەکە نامەیەک بە دەسەڵاتدارانی ئێران بگەیەنێت، بەڵام سەرچاوە دیبلۆماسییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کۆمەڵەی حەوت ناوبراویان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە راسپاردووە.

سەرچاوە دیپلۆماسییەکان ئەوەشیان ڕوونکردۆتەوە کەوا سەرکردەکان سەرلەنوێ لە کاتی کردنەوەی لوتکەی کۆمەڵەی حەوت جەختیان خستنەوەی ئێرانە لە بەدەستهێنانی چەکی ناوکیی و هێورکردنەوەی بارگرژی ڕەوشی ناوچەکەیە. لەمبارەیەوە بەرپرسێکی فەرەنسی گوتوویەتی: بەو پێیەی ئێستا ماکرۆن سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە دەکات، لە لایەن سەرکردەکان دەستکراوە کراوە، لەسەر بنەمای ئەو وتوویژانەی شەوی ڕابردوو لە نێوان سەرکردەکان ئەنجام دراوە، گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بکات و پەیامە هاوبەشەکەی ئەوانیان پێ ڕابگەیەنێت، بێ ئەوەی باس لە وردەکاری زیاتر بکات.لەبەرامبەردا دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕەتی کردەوە لەسەر گەیاندنی نامەیەکی هاوبەشی کۆمەڵەی حەوت لەلایەن سەرۆکی فەرەنسا بۆ بەرپرسانی ئێران لەبارەی بەرنامەی ناوکییەکەی ڕازی ببێت، ترەمپ لە پەراوێزی لوتکەی کۆمەڵەی حەوت بە وتوویژانەوانانی ڕاگەیاند؛ هەرگز وتوویژم لەسەر ئەم بابەتە نەکردووە، ئاماژەی بەوەشدا ئەوان لەمڕووەوە دەستپێشخەری تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام ناشکرێت خەڵک لە قسەکردن قەدەغە بکەیت، ئەگەر ئارەزوویانە دەتوانن بیکەن.شایانی باسە ئاژانسی (ئیلنا)ی ئێرانی بەم دواییە لە محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێرانی گواستۆتەوە، ئەو وتوویژەکانی لەگەڵ ئیمانویل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا لە بارەی ڕێککەوتنە ناوکییەکە کە لە ساڵی 2015 واژوو کراوە، بە باش و بەرهەمدار ناوبردووە، جەختی کردۆتەوە کەوا ناکرێت جارێکی دیکە دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنی ناوکیی بکرێتەوە.هەروەها زەریف ئاماژەی بەوەشدا کە فەرەنسا پێشنیارەکانی خۆیان بە ئێمە داوەو ئێمەش پێشنیارەکانی خۆمانمان لەبارەی ڕزگارکردنی ڕێککەوتنی ناوکییەکە بەوان ڕاگەیاندووە، کە چ پێویست دەکات لەسەر هەردوو لایەن لەم پێناوە ئەنجامی بدەین. کارەکە لەسەر ئەوە دەوەستێت کە یەکێتی ئەورووپا تا چەند پابەندی (ڕێککەوتنە ناوکییەکە) دەبێت لەگەڵ بەجێ هێنانی ئەو پابەندبوونانەی دوای دەرچوونی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکە دابوویان.

سەرچاوە: العربیە

مانشێت



سکای نیوز:
بەهۆی ئەو ناکۆکیە تووندانەی لە بواری بازرگانی لەنێوان ئەمەریکا و چین خولقاون ، یوانی چینی لە بازاڕەکانی ئالوگۆڕی دراودا دووچاری دابەزینێکی گەورە بووەوە .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە سایەی زیادبوونی ئاستی ململانێ لە دەریای چین ،سەرۆکوەزیرانی ئوستڕالیا داوای لە وڵاتانی ئاسیا کرد سەروەریی خۆیان بپارێزن .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
هێزێکی تایبەتی ئەفغانستان لە ناوەڕاستی وڵاتدا 14 چەکداری تالیبانی کوشت .



دۆیچە ڤیلە:
وەک ناڕەزایییەک بەرامبەر بەستنی کۆنگرەی G7 ژمارەیەک خەڵک لە فەرەنسا خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و پۆلیس 19کەسی دەستگیر کرد .



ئەی ئێف پی:
بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان چەند هۆزێک ، حکوومەتی سودان باری نائاسایی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ڕاگەیاند.



کەنالی ئار تی:
لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی یەکشەممەدا ، سەرۆکی ئێستای ئەبخازیا لە پێشەوەی کاندیدانی دیکەیە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات .



لە نێوان هیند و پاکستاندا

ماوەیەک لەمەوبەر هیند بڕیاری دا لە بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی بە هەرێمی کشمیر پەشیمان ببێتەوە ، ئەمەش بووە مایەی نارەزایی حکوومەتی پاکستان ، بەو پێیەی ئەو هەرێمە هەمیشە مایەی ناکۆکی نێوان هەردووک وڵات بووە . لەو کاتەوە هیند ژمارەیەک ڕێوشوێنی توندی لەو هەرێمە گرتۆتەبەر ، لەوبەریش پاکستان هەڕەشە دەکات و لەسەر سنوورەکانی نێوان هەردووک وڵاتدا چەند جارێک شەڕ و پێکدادان سەری هەڵداوە . زۆر لە بۆچوونەکان ئەگەری بەڕابوونی شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوان هیند و پاکستان بە دوور نازانن ، لێرەدا بەراوردێکی نێوان توانا سەربازی و مرۆییەکانی هەردوو لای ناکۆک دەخەینەڕوو :

لەنێوان سوپای هیند و سوپای پاکستان دا

- لەسەر ئاستی جیهان ، سوپای هیند لە پلەی چوارەم دێت ، لە کاتێکدا سوپای پاکستان پلەی 15ەمی داگیر کردووە.
- بۆمبی ئەتۆمی : هیند 140بۆمب و پاکستان 160 بۆمب.
- فڕۆکەی شەڕکەر : هیند 2082و پاکستان 1342 فڕۆکە .
- هێلیکۆپتەری هێرشبەر : هیند 17و پاکستان 55.
- فڕۆکەخانە : هیند 346و پاکستان 151.
- تانکی سەربازی : هیند 4184و پاکستان 2200.
- زرێپۆش : هیند 2815و پاکستان 3665 .
- توپی مەیدان : هیند 4060و پاکستان 1226.
- توپی جۆراوجۆر : هیند 200و پاکستان 426 .
- ڕاجیمە : هیند 266و پاکستان 150.
- کەشتی سەربازیی : هیند 295و پاکستان 197.
- کەشتی ژێردەریایی : هیند 16و پاکستان 5 .
- بودجەی تەرخانکراو بۆ بواری سەربازی : هیند 55.2 ملیار دۆلار و پاکستان 7ملیار دۆلار .
- ڕووبەر : هیند 3.2کیلۆمەتر چوارگۆشە و پاکستان 796کیلۆمەتر چوارگۆشە .
- ژمارەی دانیشتوان : هیند 1.2ملیار کەس و پاکستان 207ملیۆن کەس .
- ژمارەی سەرباز : هیند 3.4ملیۆن و پاکستان 1.2 ملیۆن سەرباز .



وێنە و کۆمێنت

جۆنسۆن هەڕەشە دەکات

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا پەیمانی دا کە حکوومەت هەموو ئەو پەنابەرانە ڕەوانەی وڵاتانیان بکاتەوە کە بە شێوەیەکی نایاسایی لە ڕێگەی دەریای مانشەوە خۆیان دەگەیەنن خاکی شانشینی یەکگرتوو. هەر لەو بارەوە جۆنسۆن وتی : هەمووتان دەنیرینەوە ئەو شوێنانەی لێیەوە هاتوون ، بەریتانیا ئەو شوێنە نییە کە دەخوازن بە خواستی خۆتان ڕووی تێبکەن و لە ڕێگەی پێشێلکردنی یاساکانەوە سنوورەکانی ببەزێنن.



پەینی NPK چییە و چۆن دەدرێتە ڕووەک؟

پەینی ئاوێتەی NPKلە سێ توخمی سەرەکی گرنگ پێکدێت کە ڕووەک پێویستی پێیەتی، ئەو توخمانە مادەی سەرەکی پێکهاتەی سەرجەم پەینەکانن، ئەو پەینە لەم توخمانە پێکدێت :

-1نایتڕۆجین :Nگەشەی گەڵاو لقەکان زیاد دەکات.

-2فۆسفۆر : هانی گەشەی ڕەگێکی بەهێز و تەندروست دەدات.

-3پۆتاس :Kهانی گەشەی گەڵا و بەرهەم دەدات.

هەر سێ توخم بەشێوەیەکی سروشتی لە خاکدا هەیە، بەڵام بۆ ڕووەکەکانی ناوماڵ ئەوانەی لەناو ئینجانە و دەفر چاندراون بە خێرایی ئەو توخمانە لەناودەچن و نامێنن، خاکەکە پێویستی بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو سێ توخمە گرنگە دەبێت چارەسەریش بریتی دەبێت لە پێدانی ئەو پەینەی کە بە NPKناسراوە.

ئەو ژمارانەی لەسەر کیسی پەینەکە نوسراوە وەک 20-20-20بە واتای ڕێژەی هەبوونی ئەو سێ تۆخمە هاوسەنگە لە نێو پەینەکەدا ئەو جۆرە پەینەش زۆر گونجاوە بۆ خۆراکدانی ژمارەیەکی زۆری ڕووەکی نێوماڵ و ڕووەکەکانی جوانی، بەڵام ئەوانەی شارەزاییان لە چاندن هەیە و هەواداری پەروەردە کردنی ڕووەکەکانی جوانین پەینی NPKبە ڕێژەی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ نمونە پەینی NPK ژمارە (0-10-10) لەوەرزی زستاندا بەکاردێت، چونکە ڕووەکەکە لەم وەرزەدا لە قۆناغی متبوون دایە و گەڵاکانی دەوەرێت بۆیە پەینێکی پێدەدرێت کە هانی گەشەی ڕەگ و گوڵ دەدات بۆیە ڕێژەی نایترۆجین سفرە بە هامان شێوە هەندێک لەوانەی ڕووەکی بەردار پەروەدە دەکەن پەینی NPKبەڕێژەی (20,10,10) بەکاردەهێن بۆ جەخت کردن لە سەر گوڵ و بەرهەم پێش هاتنی وەرزی گوڵ کردن لەم جۆرە پەینەدا ڕێژەی پۆتاسیۆم دوو بەقەد نایترۆجین و فۆسفۆرە.

باشترین کات بۆ پەینکردنی ڕووەک وەرزی گەشەکردنی ڕووەکەکەیە بەشێوەیەکی گشتی وەرزەکانی بەهار و هاوین و پایز باشترین کاتە بۆ بەکارهێنانی پەینی NPK? بەکارهێنانی NPKلەوەرزی زستان و کەشو هەوای ساردا دەوەستێنرێت. باشتر وایە پەینەکە مانگێ جارێک بەکاربهێنرێت چونکە زۆربوونی ڕێژەی ئەو توخمانە لە خاکدا بۆ ماوەیەکی درێژدا ئاسەواری خراپی دەبێت.

شێوەی بەکارهێنانی پەینی NPK

پەینی NPKبەشێوەی دەنکۆڵەی ورد کراو وەک پۆدرە هەیە نمونەترین ڕێژەی بەکارهێنانی بریتییە لە تواندنەوەی یەک کەوچکی لە پەین لە نێو دوو لیتر ئاو و ڕووەکەکەی پێ ئاوەدەرێت لەهەمانکاتدا دەکرێت ڕووەکەکەی پێ بڕشێنرێت بە لە بەرچاوگرتنی کەمکردنەوەی بڕی پەینەکە یان زیادکردنی بڕی ئاوکە، بۆ نمونە هەمان بڕ پەین لە نێو سێ لیتر ئاو دەتوێنینەوە ئینجا ڕووەکی پێدەڕشێنین.

چ کاتێک پەینی NPKبەکارناهێنرێت؟


یەکەم: لەکاتی چەکەرە کردنی تۆو یان هەبوونی گۆڕکەی بچووک و شەتڵ. باشتر وایە کرداری پەینکردن دوای مانگێک لە چەکەرەکردن بکرێت بە لە بەرچاووگرتنی زیادکردنی بڕی ئاو لە سەرەتادا (کەوچکێکی بچووک لە پەین تێکەڵ بە 4-3لیتر ئاو دەکرێت).

دووەم: ئەو ڕووەکە تازانەی لە نەمامگەکان کڕاون پێش ڕەتبوونی یەک مانگ لە کڕینیان پەین ناکرێت بەهەمان شێوە ئەو ڕووەکانەی دەگوازرێنەوە بۆ ئینجانەی گەورە یان بۆ نێو زەوی پەین ناکرێن.

سێیەم: ئەو ڕووەکەی کە تێنووە هەرگیز پەینی پێنادرێت ڕاسترین ڕێگا ئەوەیە کە سەرەتا ڕووەکەکە ئاو بدرێت پاش چەند سەعاتێک کرداری پەینکردن ئینجامدەدرێت بەمەرجێک پلەی گەرمی کەشوهەوا بەرزنەبێت.

چوارەم: ئەو ڕووەکانەی دووچاری نەخۆشی هاتوون پەینیان پێ نادرێت تا ئەو کاتەی چاکدەبنەوە.

ئەو خۆراکانەی قەرەبووی کەمی ڤیتامین Dدەکەنەوە



کەمی ڤیتامین Dلە جەستەدا ئەنجامی خراپی دەبێت، وەک ئازاری ئێسک و هەست کردن بە بێهێزی ماسولکەکان و بەردەوام هەستکردن بە ماندووبوون کە کاریگەری لەسەر تەندروستی دەڕوونی دروستدەکات، لە هەمانکاتدا ئێسکەکان ناسک و نەرم دەبن و مەترسیی شکانیان پتر دەبێت، لە نیشانەکانی دیکەی کەمی ڤیتامین Dبریتییە لە خەمۆکی و بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێن. بۆیە لێکۆڵینەوە تازەکان ئاماژە بە چەند خۆراکێک دەکەن کە ئەگەری هەیە یارمەتی دەستبەرکردنی ڤیتامین Dبۆ جەستە بدات وەک:

یەکەم: ماسیی سەلەموون، ئەو جۆرە ماسییە بە سەرچاوەی بنەڕەتی ڤیتامین Dدادەنرێت و ئێسک بەهێز دەکات و فرمانەکانی میشک چوست و چالاکتر دەکات لە هەماکاتدا بە دژە خەمۆکی دادەندرێت و بیرەوەریش باش دەکات.

دووەم: هێلکە، خواردنی هێلکە بە زەردینەوە لایەنی کەم دووجار لە حەفتەیەکدا وەک سەرچاوەیەکی نمونەیی ڤیتامین Dدادەندرێت، کۆڵەندامی دەمار و خوێنبەرەکان ڕێکدەخات و گەشەی قژ باش دەکات.

سێیەم: شیر، گشت جۆرەکانی پەنیر و شیرەمەنی دەوڵەمەندن بە ڤیتامین Dکە ئێسک بە ئاسانی دەیمژێت.

وەک باوە باشترین ڕێگا بۆ وەرگرتنی ڤیتامین Dبەرکەوتنی تیشکی خۆرە چونکە هاوکاری جەستە دەکات بۆ وەرگرتنی کالیسیۆم و ڤیتامینە پێویستەکان.

پێنج میوەی بەسوود بۆ نەخۆشەکانی شەکرە



یەکەم: سێو

مادەی پەکتینی تێدایە کە پێویستی نەخۆشەکانی شەکرە بۆ ئەنسۆلین کەمدەکاتەوە.

دووەم: پرتەقال

مادەی نارینجنین کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ڕێژەی دروستی ئەنسۆلین گلوکۆز لە خوێندا ,تێدایە.

سێیەم: خۆخ

بەهۆی هەبوونی ڤیتامین Aو ڕیشاڵ و پۆتاس و مادەی دژە ئۆکسینەکان کە هاوکارن لە هاوسەنگ ڕاگرتنی ئاستی شەکرە لە خوێندا. خۆخ بە هەڵبژاردەیەکی گرینگ دادەنرێت بۆ نەخۆشیەکانی شەکرە.

چوارەم: گێلاس

مادەی ئەنسۆسیانی تێدایە کە یارمەتی دابەزاندنی ئاستی شەکرە لە خوێندا دەدات لەڕێگای بەرهەمهێنانی ئەنسۆلینی سروشتی بە ڕێژەی % 50لە جەستەدا.

پێنجەم: هەرمێ

ڕێژەیەکی کەم لە کاربۆهیدرات و یەکەی گەرمی تێدایە بە ژمێکی سووک و تەندروست هەژمار دەکرێت بۆ نەخۆشەکانی شەکرە.

قەیسی و سوودە پزیشکییەکانی

پەریها عومەر

میوە بە شێوەی گشتی و قەیسی بە شێوەیەکی تایبەت سوودی تەندروستی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ. شارەزایانی بواری خۆراک کۆکن لەسەر ئەوەی میوە باشترین چارەسەرە بۆ پاراستنی تەندروستی جەستە.

د. گۆڤان محەمەد عەلی سەرەتا لەبارەی گرنگیی میوە دەڵێ: خواردنی 250 گرام میوە لە هەر ڕۆژێکدا پێداویستی جەستەی مرۆڤ پردەکاتەوە لە ڤیتامین و خوێیەکان، بۆیە هەمیشە وتویانە کە نرخی میوە هەرچەند بێت هێشتا هەر کەمە بەرامبەر ئەو سوودانەی کە هەیەتی.

د. گۆڤان پسپوری جوانکاری بە خەباتی گوت: میوە، یاریدەدەرێکی کارایە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، چونکە چەوری لەش هاوسەنگی دەکات و جەستە پاک دەکاتەوە لە پڕۆتینەکان و چەوریەکان.

لەبارەی دەوڵەمەندی قەیسی گوتی: قەیسی یەکێکە لەو میوانەی کە دەوڵەمەندە بە خوێی کانزایی و ئاو و شەکر، ڤیتامینەکان C1, B2, B1, Aو پۆتاسیۆم و سۆدیۆم و فسفۆڕ و ئاسن، هەروەها کالیسیۆمیشی تێدایە، ڕۆنی تۆوی قەیسی بەشێوەیەکی سەرەکی Olein و بڕێکی کەمی Glyeeride of lanolicی تێدایە.

هەروەها لەبارەی سوودەکانی قەیسی گوتی: بەسوودە بۆ کەمخوێنی و هەر 100گرام لە قەیسی45ی پێویستی لەش لە ڕۆژێکدا وزە دەدات.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ قەیسی بۆ چارەسەری کام نەخۆشی باشە د.گۆڤان گوتی: چارەسەری نەخۆشییەکانی هەستیاری دەکات بە تایبەتیش لیری پێست نەرمکەرەوەیە و تینوێتی دەشکێنێت و قەبزی ناهێلێت ڕۆنی تۆوی قەیسی چارەسەری مایەسیری دەکات و سووڕی خوێن چالاک دەکات.

سوودەکانی هەبوونی هەنگ لە ژووری نووستندا



چارەسەرکردنی کێشەکانی خەوتن بە هۆی هەنگەوە لە وڵاتی لیتوانیا زۆر بەناوبانگە، ئەو شێوازە چارەسەرە بریتییە لە دانانی یەک سندوق هەنگ لە ژووری نوستن دا.

خاوەنی یەکێ لەو سەنتەرانەی ئەو جۆرە شێوازە بۆ چارەسەرکردن بەکار دەهێنن کە بە چارەسەرکردن بە هەنگ ناسراوە دەڵێ: دانانی سندوێک هەنگ لە ژووری نوستندا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازار و جۆرەها نەخۆشیی چارەسەر دەکات لە ڕێگای ئەو وزەیەی بە هۆی جوڵانی باڵی هەنگ بەرهەم دێت.

(زێدر وەناس گابرتاس) بەڕێوەبەری سەنتەرێکە لە گوندی (کاونتیسکس) لە باکووری لیتوانیا ئاشکرایدەکات کە ئەو ماوەی 7ساڵە ئەو شێوازە بۆ چارەسەرکردن بەکار دەهێنێت دوای ئەوەی دۆزیەوە ئەو ڕێگایە بە سوودە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری پشت. لە سەرەتادا هاوڕێکانی گومانیان لە سوودی ئەو جۆرە چارەسەرە هەبوو، بەڵام گابرتاس دەڵی ساڵانە نزیکەی 500کەس بۆ چارەسەرکردن ڕوو لە سەنتەرەکەی دەکەن بە تایبەتی لە نێوان مانگەکانی ئایار و ئەیلوولدا.

وەک باوە چارەسەرکردن بەهۆی هەنگەوە بە یەکێ لە ڕێگاکانی چارەسەری سروشتی و جێگرەوە دادەندرێت سەرجەم بەرهەمەکانی هەنگ وەگ هەنگوین و پڕۆپۆلس تەنانەت ژەهرەکەی بۆ چارەسەری چەندین نەخۆشیی بەکار دێت.



ئەگوێرۆ نەیزانیوە 400 گۆڵی تۆمارکردووە

سێرجی ئەگوێرۆی هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی پێی وایە هەموو ئەو گۆلانەی لە کاروانی وەرزشی تۆماری کردوون گرنگە و هیچ گۆلێک لەوی تر بەباشتر نازانێت. سەبارەت بە تۆمارکردنی گۆلی ژمارە 400لەکاروانی وەرزشیدا گوتی: 400گۆل بەراستی نەمزانی گەیشتومەتە ئەو ژمارەیە گەورەیە و ئەوەندە گۆلەم تۆمارکردووە، ئەو گۆلانەش هەرهەمووی بەهاوکاری هاوڕێیانم بوونە و بەم بۆنەیەوە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە رۆژێ لە رۆژان لەیەک یاریدا یاریم لەگەڵیان کردووە.

کەرکووک.. پاڵەوانێتی لەشجوانی یانەکان بەڕێوەچوو

خەبات – ئارام شێرکۆ

لەمیانەی کارو چالاکییە وەرشییەکانی یەکێتی لەشجوانی کەرکووک و لە سەر هۆڵی رۆشنبیری پاڵەوانێتی یانەکانی کەرکووک ئەنجامدرا بۆ ئاستی پێشکەوتووان ، بە بەشداری یانەکانی (شۆربجە ، سۆلاف ، مووسەلا ، ئاشتی ، پێشەوا) ساز کرد ئەم پالەوانییەتیەش خۆئامادە کردنێک بوو بۆ پالەوانەتیەکاتی کوردستان و عێراق و ئەنجامی پاڵەوانتییەکەش بەمشێوەی خوارەوە کۆتایی هات :

×لە سەر ئاستی تاک :

کێشی 60کگم / عەلی سەباح لە یانەی بابا گورگور

کێشی / /65سۆران عەبدوڵلا لە یانەی پێشەوا

کێشی 70کگم/ غەیس ستار لە یانەی سۆلاف

کێشی 75کگم / عەلی غازی لە یانەی سۆلاف

کێشی/80کگم / محەمەد ئەحمەد لە یانەی شۆربجە

کێشی 85کگم / محەمەد ئۆمێد لە یانەی سۆلاف

کێشی 90کگم / حەسەن سەعدون لە یانەی سۆلاف

کێشی 95کگم / محەمەد تەها لە یانەی شۆربجە ,

*لە سەر ئاستی تیپ:

یانەی سۆلاف پلەی یەکەم 112خاڵ

یانەی شۆربجە پلەی دووەم 90خاڵ .



ڤیراتی داهاتووی دیار نییە



مارکۆ ڤیراتی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی ئاشکرای کرد کە هیشتا ئەو دوودلە لەوەی ئایا گرێبەستەکەی لەگەل یانە فەرەنسییەکە تازە دەکاتەوە یان نا .

ئەو یاریزانەی باسی لەوەکرد کە ئەو هەمیشە بەرپرسیاریتی لە ئەستۆ دەگرێت Le Parisienئاە دیمانەیەکی لەگەڵ و دڵێت، لەوکاتەوەی هاتومەتە یاریس ئەگەرچی ئەکات گەنج بووم، هەستم بەوەکرد کە من جێی بایەخی ئەو یانەیەم، بۆیە هەمیشە دەمەوێ شتێک پێشکەش بکەم ئاستی تیپەکەم بەرەو پێش بچی، بەتایبەتیش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

هەروەها گوتی: نازانم لەو یانەیە بەردەوام دەبم یان نا ، ئەمە پێویستی بە بیرکردنەوەی هەردوولامانە بەتایبەتیش کە وەرزی گواستنەوە خەریکە تەواو بێت، نە پاریس سان جێرمان نە من تا ئێستا ئەمەمان یەکلایی نەکردۆتەوە.

مۆرینهۆ چاوی لەوەیە بچێتە شوێنی زێدان



رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی دووپاتی کردەوە کە خۆزی مۆرینهۆی پورتوگالی لەوکاتەوەی لە یانەی مان یونایتد رۆیشتووە، پەیوەندی بەهیچ یانەیەکەوە نەکردووە، پێدەچێت چاوی لەوە بێت جاریکی تر بگەڕێتەوە راهێنەرایەتی یانەی ریال مەدرید. رۆژنامەکە ئاشکرای کردووە کە مۆرینهۆ چاوەڕوانی ئەوە لە زێدان دەکات توشی داروخان بێت لەم وەرزە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە شوینی پێشووی، هەروەها رۆژنامەکە ئاماژەشی بۆ ئەوەکردووە کە مۆرینهۆ چەندین بۆندی لە یانەکانەوە بۆ هاتووە بەڵام هیچی قبول نەکردووە و چاوەروانی ئەوە دەکات زێدان لە ئەرکی ئەمجارەیدا شکست بینێت و بچێتە شوێنی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue, 27. Aug. 2019 No: (5815)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کوێستان خوسرەوی: پێشکەشکاری حەزی خۆم بووە، ویستوومە لەو سۆنگەیەوە خزمەتی گەلەکەم بکەم



خەبات: سوڵێن سلێمان

"کوێستان خوسرەوی" پێشکەشکار و ئەکتەر لەچاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت: کاری پێشکەشکاریم لە سالی" "2004لە کەنالی" نەورۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەست پێکرد، پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەقزیۆنی بەشێک بووە لە چالاکییەکانی من و تا ئێستاش بەردەوامم، لە کەنالی "کوردستان"تیڤی هیواداریشم توانیبێتم بۆشاییەکم لە بواری پێشکەشکاری و پەیوەندی لەگەڵ بینەر پڕ کردبێتەوە، هەروەها هەردوو بەشی پێشکەشکاری و نواندن بۆمن بایەخی خۆیان هەبووە. کاری پێشکەشکاری حەزی خۆم بووە وێستۆمە لەو سۆنگەیەوە خزمەتی فەرهەنگی گەلەکەمی پێ بکەم ،هیواداریشم بتوانم لە داهاتوودا زیاتر پەرە بە و بەشە بدەم و زیاتر هەوڵ بدەم کە بەم بە پردی نێوان نەتەوەکەم و فەرهەنگ و هونەری ڕەسەن ،هەڵبەت وڵامی ئەوە لای بینەرە ،لای خۆم هەردووکیان ووزە و هێزم پێ دەبەخشن ،وە هیوادارم توانیبێتم خزمەتی گەل و نەتەوەکەی خۆمم پێکردبن، هەڵبەت کاری نواندن بە بەشێک لە ژیانی خۆمی دەزانم و هەمیشە بایەخێکی تایبەتی هەبووە لای من، هەر لەبەر ئەمەش کاری نواندنم کردووە و ئێستاش لەسەری بەردەوامم، هەر ڕۆڵێک بۆ خۆم بە گونجاوی بزانم ، دوایین کاری نواندنیشم لە ڤیدیۆی ڕۆژئین بوو ، سەرەتای دەسپێکی کاری نواندنم بەشداری کردنم بوو لە دراماى"گەردەلوول" کە بە یەکەم دەسپێکی کاری نواندنم هەژماردەکرێت، ئەوەش بۆمن شۆینێکی تایبەتی دەبێت لە کارنامەی هونەری من، لە پرسیارێکدا کە ئایا ئەگەر داوات لی بکرێت بەشداری لە فیلمێک یا دراماێەک بکەیت بەشدار دەبیت؟

لە وەڵامدا دەڵێت: ئەگەر ڕۆڵەکە گونجاو بێت بۆمن بەڵێ ئامادەم، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ دەرکەوتن بێت نەخێر ئامادە نیم، لە کۆتا پرسیاردا کە ئایا ئە وگیروگرفتانە چین کە ڕووبەرووی دەبنەوە؟

لە وەڵامدا دەڵێت: گیروگرفت لە هەموو بوارێکدا وجوودی هەیە، ڕەخنەش دەبێت هەبێت تا بتوانین زیاترپێشکەوین.

بەمنزیکانە نوێترین گۆرانی بڵاوەکاتەوە

هەمزە سەرحان / خەبات

هونەرمەندی گۆرانیبێژ تەها قادر بەمنزیکانە نوێترین گۆرانی بە ناوی "ئازیزتر لە گیانمی" بڵاوەکاتەوە. لە هەژماری تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام تەها قادر پرۆمۆی نوێترین ڤیدیۆ کلیپی بڵاوکردەوە و لەگەڵیدا نوسیوویەتی، "بە زووبی ئەیبینن، بەرهەمێکی تەواو جیاوازی من ئەبێ و دڵنیام بە دڵی هەموتان ئەبێت."تەها قادر دانیشتووی شاری هەولێرە، لە سەرەتادا لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا گۆرانی وتووە، یەکەم کاری هونەریی بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ گۆرانی "دەنگی دڵ" بووە، کە لە سالی ٢٠١٤دا بڵاویکردووەتەوە، لە ئێستاشدا چەندین بەرهەمی هونەری و ڤیدیۆ کلیپی هەیە.



تەرەمپ کەسێکی ڕەگەزپەرستە؟

بە پێی ڕاپرسییەک دەرکەوتووە کە 51٪ ئەمریکییەکان دۆنالد تەرەمپ-ی سەۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کەسێکی ڕەگەز پەرست دەزانن.بەگوێرەی ڕاپرسییەکی زانکۆی کۆینیپیەک، لەسەر چالاکییەکانی تەرەمپ، دەرکەوتووە کە 51٪ ئەمریکییەکان تەرەمپ بە کەسێکی ڕەگەز پەرست دەزانن.لەڕاپرسییەکەدا پرسیاری ئەوەکراوە کە ئایا تۆ تەرەمپ بە کەسێکی ڕەگەزپەرست دەزانی؟ لەبەرامبەردا 51٪ بەشداربوون بە بەڵێ و 45٪ بە نەخێر وەڵامیانداوەتەوە. 80٪ ڕەشپێستەکان پێیانوایە کە تەرەمپ کەسێکی ڕەگەز پەرستە ، هاوکات 86٪ دیموکراتەکانیش پێیانوایە کە تەرەمپ ڕەگەزپەرستە.



فیلمێکی کوردی لە ئیسرائیل کێبڕکێی بردنەوەی خەڵات دەکات



خەبات: هەمزە سەرحان

پاش ئەو سەرکەوتنانەی کە هەردوو کورتە فیلمی UNDER BLACKو THE ORANGE MAN DREAMSکە ئەو کارەساتانەی داعش بە سەر ئێزدی و خەڵکی سڤیلی ناوچەکەی هێنابووی باس دەکات، شیرین جیهانی بە فیلمی "یادێ" رکابەری بەدەستهێنانی چەند خەڵاتێک لە ئیسرائیل دەکات.

(لە ژێر ڕەشیدا) و (خەونەکانی پیاوێکی پرتەقالی)، لە سالەکانی رابردوو بەشداری چەندین نێوەند و فێستیڤالی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە ئەمەریکا و کەنەدا و هندستان و ئەفریقا و ئەوروپا کرد، توانی خەڵاتی بوێری لە کەنەدا و چەندین خەڵاتی جیهانی بە دەست بهێنێت.

(خەونەکانی پیاوە پرتەقالییەکە) خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی لە فێستیڤالێ دژە تیرۆری هەولێر و دیداری ئافرەتان بۆ سینەما لە هەولێر پێ بەخشرا.فیلمی (یادێ) کە بە واتای دایکە بەرهەمێکی نوێ دەرهێنەر، شیرین جیهانیە، بۆ یەکەم جار بەشداری فێستیڤالی نێودەوڵەتی ئیسرائیل کرد، ئەم فیلمە باس لە قوربانی مندالْ و خێزان بە گشتی دەکات.فیلمەکە لە ناو زەلکاوی شەڕ، چیرۆکی منداڵێک دەگێڕێتەوە کە دایک و باوکی لە شەڕ لەدەستداوە. منداڵەکە لەگەڵ باپیر و داپیری، ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبێت و لەوێشەوە ڕێگای هەندەران دەگرێتەبەر.ئێستا ئەو فیلمە هاوشێوەی بەرهەمەکانی دیکەی شیرین جیهانی، رکابەری بۆ بەدەستهێنانی چەند خەڵاتێکی نێودەوڵەتی دەکات، لەسەر نیشانی داعشیش وەکو خۆی، لە لایەن هەندێک کەس دژایەتی دەکرێت.

رانیە.. هاوڵاتییەکی کەمبین کاری چاککردنەوەی کاتژمێر دەکات



حیکمەت سابیر هاوڵاتییەکی دانیشتووی قەزای رانیە (134کیلۆمەتر باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی) یە، ئەو لە سالی 1988بە هۆی ڕووداوێکەوە بینایی چاوێکی لەدەستداوە و چاوەکەی تریشی زۆر بە کەمی دەبینێت، ماوەی 28ساڵە دەستی بە کاری چاککردنەوەی کاتژمێر کردووە و لەسەر شەقامێکی سەرەکی رانیە ڕۆژانە ئەو کارە دەکات.حیکمەت دەڵێت، هەرچەندە کارکردن لە چاککردنەوەی کاتژمێر کارێکی وردە و زەحمەتی زۆری هەیە، بەڵام لەگەڵ کارەکەی راهاتووە و ماوەی 28ساڵە بەردەوامە لەسەری.ئەو ماوەی چەند ساڵە لەسەر شەقامێکی سەرەکی و بە هۆی چاویلکەیەکی زەڕەبینییەوە دەتوانێک کەمێک تروسکایی ببینێت و کارەکانی لەو ڕێگەیەوە ئەنجام بدات.